# رۆڵی پێداگۆجی نوێ لە هێنانەدی بنەما پەروەردییەکانی شانۆی منداڵان

ID No.538

(PP 263 - 284)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.1.16

**ژیار اسماعیل حویز**

بەشی شانۆ، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

Zhyarismail876@gmail.com

**بلقیس علی دۆسکی**

زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

Balqeesdosk@gmail.com

**وەگـــــــرتن : 2022/08/25**

**پەسندکردن : 2022/09/13**

**بڵاوکردنەوە : 2023/02/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە ناونیشانی (رۆڵی پێداگۆجی نوێ لە هێنانەدی بنەما پەروەردەییەکانی شانۆی منداڵان) ی هەڵگرتووە، تیایدا باسی نمایشی شانۆی منداڵان و رۆڵی پرۆگرامی پێداگۆجی کراوە. بەشی یەکەم(چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە ) پێکهاتوە لە کێشەی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوەکە , گرنگی توێژینەوەکە , سنوری توێژینەوەکە , پێناسە بۆ چەمکان ,کە وشەکانی توێژینەوەکەی هەڵگرتووە . بەشی دووەمی ( چوارچێوەی تیۆری) توێژینەوەکە, کە دوو بواری و چەند تەوەرێک لە خۆ دەگرێت بواری یەکەم : چەمکی پێداگۆجی تەوەری یەکەم :پێداگۆجی و میکانیزمی لە شانۆی منداڵان ,تەوەری دووەم : رۆڵی پەروەردەیی لە شانۆی منداڵان بواری دووەم :شانۆی منداڵان ,تەوەری یەکەم :پێکهاتەی شانۆی منداڵان لە رووی دەق ,تەوەری دووەم :پێکهاتەی شانۆی منداڵان لە رووی نمایش. بەشی سێەم رێکارەکانی توێژینەوەکە ) پێکهاتوە لە کۆمەڵگەیی توێژینەوە , میتۆدی توێژینەوە , ئامرازی توێژینەوە , نموونەیی توێژینەوە, گفتوگۆ و دەرئەنجامەکان. بەشی چوارەم پێکهاتوە لە ئەنجامەکان , پێشنیارەکان , راسپاردەکان , لیستی سەرچاوە کان , پاشکۆکان

ئەنجامی توێژینەوە :

1- شانۆی منداڵان فاکتەرێکی گرنگە بۆ هەڵگرتنی پەیامی خۆشی و شادی وچێژی هونەری . وە جوانناسی بە منداڵ دەبەخشێت ,هۆکارە بۆ گەشەکردنی بیرو هزری منداڵ وە گوزارشتکردن و دەربرینی هەستەکانی ناخی . لە پێناو بونیادنان و دروست کردنی نەوەیەکە تەندروست و رۆشنبیر ئەگەر هاتوو میکانیزمی پێداگۆجی نوێ بەکاربهێنرێت .

2-شانۆی منداڵان دەتوانێ ببێتە پارێزەر بۆ هێشتنەوەی کلتور و داب و نەریتی نەتەوایەتیی.

3- شانۆی منداڵان بەهۆی ئەو دونیا فراوانەی هەیەتی تواناى هەڵگرتن و گەیاندنی زۆر پەیامی هەیە بەتایبەت لایەنی پەروەردەی و فێرکاری دەتوانێت ببێتە بەردی بناغەی پەروەردە ی نوێ.

4- بەکارهێنانی پرۆگرامی پێداگۆجی بە پرۆگرام کردنی شانۆی منداڵان تێدا دەبێتە دروستکردنی کەشێکی داهێنرانە بۆ منداڵان .

5- تەکنیک و سینۆگرافیا و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا یارمەتی دەرە سەرەکی دروست کردنی فەزاو پتەو کردنی خەیاڵە لای منداڵ کە ئەمانەش خاڵی سەرەکیین بۆ داهێنانی منداڵ. کە بنەماکانی پێداگۆجی ئامانج و کارێکی گونجاو داهێنەرانە دەدات بە دەستەوە.

**کلیلی وشە:** ، پێداگۆجی نوێ، پەروەردە, شانۆ، منداڵ، شانۆی منداڵ.

## پێشەکی:

شێوازی فێرکردنی نوێ لە فێرکردن و فێربووندا، گرنگییەکی زۆری هەیە، مامۆستا پشت بە شێوازی فێرکردنی گونجاو دەبەستێت وەک ئامرازێکی سەرەکی لەم بوارەدا، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر فێربوون هەبێت، فێرخوازان ئەزموون و لێهاتوویی جۆراوجۆر بەدەستبهێنن، و پەرەپێدانی بەها و رەوتە خوازراوەکان بەدیبهێنن، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان بۆ گەڕان بەدوای باشترین شێوازی فێرکردنی نوێ، بەمەبەستی پەرەپێدانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون و فراوانکردنی بازنەی سوود بۆ فێرخواز، هەر بۆیە مامۆستای داهێنەر هەموو هەوڵێک دەدات بۆ دۆزینەوەی شێوازی فێرکردنی گونجاو، کە لە پێگەیەکی وانەوتنەوە بۆ هەڵوێستێکی تر جیاواز دەبێت بەپێی ماددەی خوێندنی پێشکەشکراو و مەرجەکانی پێشکەشکردنەکە. چەندین شێوازی فێرکردنی نوێ هەیە، مامۆستا لە نێوانیاندا ئەو شێوازە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ وانەی پێشکەشکراو بە خوێندکاران دەگونجێت. ئەلیزابێس ویلاند باس لەوە دەکات کە دەتوانرێت (راهێنانەکانی هاوشێوەکردن و رۆڵگێڕان لە فێرکردنی پرسەکانی پەیوەست بە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنرێت، کە لە رێگەیەوە مێژوو لەلایەن فێرخوازانەوە زیندوو دەکرێتەوە بە ئەداکردنی ئەو رۆڵە راستەقینەی کارەکتەرەکانی

ناو وانەکە ئەنجامدراون, ئەم شێوازە رۆڵگێڕانە دەتوانرێت لە شانۆی منداڵاندا جێگیر بکرێت)، کە یەکێکە لە نوێترین شێوازەکانی فێرکردن کە لەلایەن زۆرێک لە بەرپرسانی شانۆی منداڵان پەروەردەی نوێ بانگەشەی بۆ دەکەن.

**1- چوارچێوەی توێژینەوە**

**1-1 گرفتی توێژینەوە:**

یەکەم هەنگاوی دەست پێکردن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی , دیاریکردنی گرفتی توێژینەوەیە , چونکە لەئەنجامی خوێندەوەی زۆر توێژەر هەست بە گرفت و ئاستەنگییەکان دەکات و بیر لە توێژینەوە و بە دوا داچوونی زانستی دەکات. دوزینەوەی کێشەی ئەم توێژینەوەیەش لە ئەنجامی هەست کردن بە ئاستەنگی و چەق بەستنوی بابەتەکە بوە , کە ئەویش رۆڵی پێداگۆجی نوێ لە هێنانەدی بنەما پەروەردەییەکانی شانۆی منداڵان , لێرەدا تیشک خستنەسەر بابەتی شانۆی منالان و سستی و لاوازی کارە شانۆییەکانە , هەروەها کەمتەرخەمی لە پسپۆران و مامۆستایانی هونەر و سەرپەرشتاران و کارگیری و خودی هونەرمەندانیشە جگە لەمانەش(( دواکەوتووی و نارۆشنبیری خێزانی کە پێان وایە بەشداری کردنی منداڵ لە نمایشە شانۆییەکان دوور کەوتنەوەیە لە وانە زانستیەکان و زیان بە منداڵ یا فێرخواز دەگەیەنێت )) ( عطية , 2002: ص15) , لە لایەکی تر نەبوونی پرۆگرامێکی گشتگیر کە هەموو پایەکانی هونەر کۆبکاتەوە و لەیەک پرۆگرامی تۆکمەی تایبەت بە پرۆگرامی پێداگۆجی کار لەسەر بکرێت , تا ببێتە پردی دروست کردنی شانۆییەکی هونەری و پەروەردەی لە رێگەی میکانیزمەکانی پێداگۆجی نوێ بۆیە نەبوونی ئەم تەکنیکانە گرفت و ئاستەنگی دەهێنیتە بەردەم منداڵ و پسپۆرانی شانۆی منداڵان و مامۆستایان و خێزانی فێرخوازان. بۆیە لێرەدا چەند پرسیارێک لای توێژەر دروست دەبێت کە ئەمانەی خوارەوەن :

- رۆڵی پێداگۆجی بۆ پەروەردە و فێرکردن لە رێگەی شانۆی منداڵانەوە چەندە کاریگەرە؟
- پێداگۆجی نوێ و شانۆی منداڵان دەبنە یارمەتیدەر بۆ پەروەردە و فێرکردنێکی گونجاو؟

**2-1 -گرنگی توێژینەوە:**

وابەستە بوون لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ سەلماندنی گرنگی بابەتێکی زانستی و هەستیار و بە بایەخ کە بە شێوەیەکی ورد چڕی بکەیتەوە سەلمێنراو نییە بۆیە بە تێکەڵ کردنی شانۆی منداڵان بە پێکهاتەکانی نمایش و پرۆگرامی پێداگۆجی بەرگێکی تری بە بەر دا دەکەین , چونکە هەر کاتێک باس لە شانۆیی منداڵان بکەین ناکرێت دیوە پێداگۆجییەکەی لە یاد بکرێت کە خۆشەویستی , رێزگرتن , ڕاستگۆیی , متمانە بە خۆبەون , داهێنان کردن و چەندان ئاکاری تر کە بەیەکەوە لەگەڵ لایەنە هونەرییەکە دەگەیەنرێت بە منداڵ و دەبێتە رێنیشاندەر و گونجاندنی لە گەڵ ژینگەیی دەرەوە هەربۆیە ئەم توێژینەوەیەش (رۆلی پێداگۆجی نوێ لە هێنانەدی بنەما پەروەردەییەکانی شانۆیی منداڵاندا ) لە خۆ گرتووە, کە لایەنە هونەری و پێداگۆجییەکانی شانۆی منداڵان دەخاتە ڕوو دەبێتە بنەماییەکی زانستی بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو . ئەم توێژینەوەیە بە کوردی نوسراوە گرنگە بۆ کتێبخانەی کوردی بەتایبەت بواری شانۆی منداڵ و پرۆگرامی پێداگۆجی , بۆیە شانۆکاران و توێژەران و پسپۆرانی شانۆ و مامۆستاکانی هونەری پەروەردەیی لە فێرگەو ناوەندەکانی خوێندن سوودی لێوەر بگرن .

**3-1 ئامانجەکانی توێژینەوە :**

- ئامانجی توێژینەوە دەرخستنی دەرکەوتەکانی پێداگۆجی نوێ لە هێنانەدی بنەما پەروەردەییەکانی شانۆیی منداڵاندا .

**1- 4 سنووری توێژینەوە:**

1- سنووری بابەتی: ئەم توێژینەوەیە دوو بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێت:

- شانۆی منداڵان
- رۆڵی پرۆگرامی پێداگۆجی نوێ

٢- سنووری کاتی: لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠- 2020 )

٣- سنووری شوێن: توێژینەوەکە سنووردار دەبێت بە هەرێمی کوردستان عێراق

**5-1 پێناسەی زاراوەکان**

**پێناسەی فەلسەفی**

**رۆڵ** : دەکرێت وەک شێوازێکی رێکخراوی هەڵسوکەوت و ئاماژەی پێ بدرێت ,پەیوەست و گرێدراوە بە بە کەشێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا . (علوش1985:ل90).

پێناسەی زمانەوانی

**رۆڵ** : لەزمانی کوریدا رۆڵ بە مانای ئیش و ئەرک یان (پێگە) دێت و لە زامنی عەرەبی (رۆڵ) بەواتای (قیام بعمل)یاخود (دور) دێت (رواندزی ,2019ل90)

**پێنایەی هونەری**

**رۆڵ** : بریتیە لە کەسایەتییە دراماییەکە , ئەکتەر لەرێگەی هونەرەکەیەوە لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستەی دەکات , بەڵام رۆڵی شانۆیی بریتیەلە کۆمەلێک یان زنجیرەیەک شانۆیی کە چارەسەری کێشەیەک دەکات کە چەند کەسایەتەک ئەنجامی دەدەن (حمادە1971,ل160)

دەکرێت (رۆڵ) بۆ دوو مەبەست بەکاربێت لە شانۆدا واتە بەرجەستەکردنی ئەو کارەکتەرەی کەلەناو دەق بۆی دیاریکراوە , هەروەها لە لایەکی تر رۆلی شانۆ لەبەرەو پێشبردنی لایەنێک لە لایەنەکانی تر وە ک (پەروەردە , پێداگۆجی )

**پێداگۆجی نوێ:**

لە پەروەردەی سەردەم ووشەی پێداگۆجیا ئاماژەیە بۆ پەروەردەکاران، پێداگۆجی نوێ لە پەروەردەدا کۆمەڵێک چالاکی فێرکردن و فێربوونە کە لە لایەن مامۆستایان و فێرخوازان پەیرەو دەکرێت . بۆیە پێداگۆجی نوێ لەسەر سێ رەگەزی گرنگ بونیادنراوە ئەوانیش (مامۆستا، فێرخواز، مەعریفە) )(فرید ,:2005 : ل 13)

**پێداگۆجی لەڕووی زمانەوانی :**

پێداگۆجی دەستەواژەیەکی یۆنانییە لە دوو وشە پێکهاتووە (پێدا) بە واتای منداڵ دێت ,( گۆجی , گۆگی ) واتا ڕێبەرایەتی واتە ئەو کۆیلەیەی کە لە سەردەمی یۆنانیەکاندا منداڵی دەبرد بۆ قوتابخانەو رێنمایی دەکردو فێرە ڕەوشت و هەڵس و کەوتی دەکرد. پێداگۆجی لە ڕووی زمانەوانی بریتییە لە ڕاهێنان و بە ڕەوشتکردن و بونیادنان و پەروەردە کردن ئەمەش لەسەر ئەو کەسەیە کە هاوەڵی منداڵ دەکات بۆ قوتابخانە, هاوکات هێمایە بۆ پەروەردەی گشتی یان هونەری فێرکردن یان تێۆری پەروەردە کردن (قادر, 2020:ل170 ).

**پێداگۆجی لە ڕووی فەلسەفی :**

(جۆن دیۆیی) فەیلەسوفی ئەمریکی کە دامەزرێنەرەی پێداگۆجییە دەلێت : ( پێداگۆجی پێشنیار کردنی دۆخی کێشە ئاڵۆزەکەیە , کە پێویستە فێرخواز بە کۆمەڵێک رێکار و زانیاری ڕووبەرووی ببێتەوە )( قادر , 2020: ل172 ).

**پێناسە لە دیدی توێژەر**

پێداگۆجی نوێ: واتە نوێبوونەوە و بە بەراکردنی بەرگێکی نوێتر بۆ پەروەردە بۆ فێرکردن دروست کردنی پەیوەندییەکی جوان و پڕ لە خۆشەویستی و چێژ بۆ فێربوون و کە مامۆستا بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵدەستێت بۆ پەروەردە کردنی تاکێکی رۆشنبیر و داهێنەرانە بۆ کۆمەڵگە.

**پێناسەی فەلسەفی پەروەردە :**

(ئەفلاتوون)ی فەیلەسووفی بەناوبانگ پێناسەی پەروەردە دەکات و دەلێت ((ئەو کەسەی پەروەردە نەکراوە , نازانێت راستی چییە )) ( ئەفلاتوون 2009 : 232)

(جان جاک ڕۆسۆ) ((مەبەست لە پەروەردە پڕنەکردنی مێشکی منداڵە لە زانیاری و زانست , بەڵکو پەروەردەکردنی هیزی ئەقڵی منداڵە , بۆ ئەوەی بتوانێت بە خۆی خۆی رۆشنبیر بکات ))( قادر ,2020 : ل18).

**پەروەردە لە ڕووی جوانییەوە :**

گەشەکردنی تاکە لە رووی هزر و دەروونێکی ئارامەوە , هەروەها جەستەیەکی چالاک و مامەڵە و ڕەفتاری دروست و کارامەیی (مستەفا2020:ل34) ؟

پێناسە لە دیدی توێژەر

پەروەردە بەشێکی پر بایەخی ژیانی ئێمەی مرۆڤە بنیادنانی کەسایەتی و دوارۆژی تاکە , ئامادەکردنی مرۆڤە بۆ دروست کردنی ژیانێکی باش بۆیە پەروەردە هەر لە قۆناغەکانی سەرەتایی تەمەنی منداڵ گرنگە کاری لەسەر بکرێت .

**شانۆ لە ڕووی فەلسەفی :**

ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر )دا پێناسەی شانۆ دەکات و دەڵێت : (بریتییە لە لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی بەرزی تەواوەتی) (طالیس , 1973: ل18 ) .

**پێناسەی هونەری**

شانۆ: ئەو هونەرە مرەکەبەیە کە هەموو هونەرەکان لە خۆی دەگرێت، هونەرە کاتییەکانی و شوێنییەکان، بە شێوە بگۆڕو جێگیرەکان بە هەموو ڕەنگ و دەنگ و ووشەکان (عوسمان , 2012 : ل20 )

شانۆ: یەکێکە لە فۆرمەکانی هونەر تیایدا ئەکتەرەکان تێکستێکی نووسراو وەردەگێرن بۆ نمایشێکی نواندن لەسەر تەختەی شانۆ, ئەکتەرەکان بە یاریدەی دەرهێنەر کارەکتەرەکان و هەڵوێستەکانی نێو تێکستەکە کەلە لایەن نووسەرە وە داهێنراوە لەسەر شانۆ بەرجەستەی دەکەن (بەرزنجی, 2008: ل 92).

شانۆ: جۆرێکە لە جۆرەکانی هونەر کە لە کۆنەوە لە لایەن زۆربەی گەلانی دونیا ناسراوە، رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە کاریگەربوونی بە چەندین هونەری هاوچەرخ ( ئەحمەد ,  2018 : ل8 ) .

**پێناسە لە دیدی توێژەر**

شانۆ : هونەرێکی کاریگەر و بەرزە , سەکۆییەکە بۆ ئازادی دەربڕین و چارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵگە , چوونە  سەر ئەم سەکۆیی شانۆییە  پێویستی بە تاکێکی بوێر و باوەڕ بە خۆ هەیە , تا بتوانێ گۆرانکاریی لە هزرو تێگەیشتنی تاک بکات و کۆمەڵگە بەرەو پێش کەوتن و نوێخوازی ببات.

**شانۆی منداڵان**

لە فەرهەنگی شانۆیی (ماري الياس بەم شێوەیە پێناسەی شانۆی منداڵان دەکات: ((جۆرێکە لە چالاکی شانۆیی کە لە چوارچێوەی فێرگەکان روودەدات و بەشێک لە پرۆسەی پەروەردەیی پێک دەهێنێت)). (الياس , 2006 : ل48) .

**پێناسە لە دیدی توێژەر**

شانۆی منداڵان : شانۆی منداڵان دۆزینەوەی  رێگایەکی گونجاو چێژ بەخش بۆ گەیشتن بە نهێنی دەروون و بەهرە شاراوەکانی منداڵ واتە ڕوو چوونە ناو ناخی منداڵ و کارکردن بۆ پەروەردەیەکی تەندروست  بۆ  ژیینگە و کۆمەڵگە

**2- چوارچێوەی تیۆری**

**بواری یەکەم :  چەمکی  پێداگۆجی**

(شولمان ) پیداگۆجی نوێ بەوە پێناسە دەکات کە ئەو بابەتانەن مامۆستا بەکاریان دێنێت لە ڕاڤەکردن ونواندن و نمونە هێنانەوەی بەکەڵك بۆ ئاسانکردنی بابەتی وانەکە بۆ تێگەیشتن وچەسپاندن وئاسان بێت بۆ فێربون (Shulman, **1987**: P21) ، بیرۆکەی کردنی پیداگۆجی بە زانستێك لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەری هەڵدا و مەبەستی هاوبەشیشیان ئەوەبوو کە پێداگۆجی بکرێتە زانستێکی پیادەکراو لەسەر بنەمای دەروونناسی کە زانستێکی بنەڕەتییە .(Gauthier, 2002: P507)

پێداگۆجی نوێترین چەمکی پەروەردەیە بنەمایەکی سەرەکیە بۆ فێرکردن و پەروەردە و فێرکردن پێداگۆجی ((بریتییە لە داهێنان و بە رەوشتکردن و بونیاتنان وپەروەردەکردنی منداڵ)) (قادر، 2020: ل169) ، هەربۆیە پێداگۆجی بەرێگایەکی نوێ و مۆدێرن دادەنرێت بۆ پتەو کردنی پەیوەندی لە نێوان مامۆستا و قوتابی. پێداگۆجی لە چەمکە زمانەوانییەکەیدا مانای چەسپاندن و پێکاتن و پەروەردەکردنی منداڵ دەگەیەنێت.

ئاماژەیان بەوە کردوە کە زانینی ناوەڕۆک و پەروەردە ئەوەیە لە بواری زانستی خۆتدا زیاتر لە پسپۆڕیی بڕۆیت و زانیاریت هەبێت لەسەر شێوازی فێرکردنی گشتی، بەڵکو پێویستیشە تێگەیشتنێکی فراوانت هەبێت لەسەر شێوازی فێرکردنی گونجاو بۆ وتنەوەی وانەی ئەو بوارەدا کە پسپۆڕیی خۆت، (برامفۆڕد) ئاماژە بەوە دەکات کە ((لێهاتوویی پەروەردەیی مانای ئەوەیە کە مامۆستایانی بەرکار پێویستە بزانن چۆن بابەتی فێرکردنەکە بگەیەنن نەک هەر بەتەنیا بابەتەکە بزانێت، تەنیا ئەوە بەس نیە شارەزا بێت لە بابەتی وانەکە پەروەردەییەکەدا، بەڵکو توانای تۆ لەوەدا دەردەکەوێت تا چەند دەتوانیت بابەتەکە بگەیەنێت وئاسانکاریی بۆ قوتابیان بکەیت فێر ببن)) (Koehler,2009: P66).

توانای وتنەوەی ناوەرۆك بەمانا فراوانەکەی لای (ستراوس) ئەوەیە ((مامۆستا پیشەوەرەکان بزانن چۆن بابەتە پەروەردەییەکە وا لێبکەن قوتابیان لێی تێبگەن))( (Strauss, 2001: P19)  وا دانراوە زانست و زانیارییەکان لەدەرەوەی مێشکی قوتابیانن ،ئەرکی مامۆستا ئەوەیە بیهێنێت بیخاتە ناو مێشکی قوتابیان بۆ ئەوەی بگاتە شوێنی دیاریکراوی خۆی.

ئەو زانیاریانەی كە مامۆستا پێویستی پێیەتی بۆ وانەوتنەوە ((بریتییە لە تێكەڵكردنی زانیاری پیداگۆجی لەگەڵ زانیاری ناوەڕۆك )) (Ball,2008: P389) و ئەو ناواخنە مەعریفەیی پێداگۆجییەی هەیەتی وەكو ئازووقە سەیر بكات كە مامۆستا لەسەر بابەتێكی داریكراو كۆی كردۆتەوە، ئەمەش ((لە ڕێگەی ئەزموون و پلان و دووبارەوتنەوەی بابەتەكەوە پەرەی پێدەدات )) (Hashweh, 1985: P28) لێرەوە ئەو توخمانەی مەعریفەی پیداگۆجی پێك دێنن بریتین لە :

1. زانینی ناوەڕۆكی خوێندن، كە زانینی ماددی و مەعریفەی هەمەچەشنی تێكەڵكراو دەگرێتەوە.

2. شارەزایی لە تایبەتمەندیەكانی قوتابیان، وەک: بەتوانایی و ئامادەكارییەكانی قوتابیان، هاندەریان بۆ فێربوون و جیاوازییە تاكە كەسییەكانی نێوانیان و هاندانیان بۆ كارلێک كردنی عەقڵیی.

3. زانینی نەخشەڕێگاكانی وانەوتنەوە كە پەیوەستن بە بەڕێوەبردنی پۆل و چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ قوتابیان و دیاریكردنی ڕۆڵی هەریەك لە مامۆستا و قوتابی لە كۆی پرۆسەی خوێندند ( Hashweh1985: P28 - 30 ).

**1-2 پێداگۆجی.. میكانیزمی كاركردن لەشانۆی منداڵاندا**

بڵاوكردنەوەی بەهای پەروەردەی سەردەم كە پێداگۆجی و فێركاریی رۆشنبیریە لە شانۆی منداڵاندا دەروازەیەكە لە دەروازە گرنگەكانی ئێمە، لەڕێگای ئاراستەكردنی تێڕوانینەكانیەوە بۆ توێژی منداڵان لەكۆمەڵگادا، بەكارهێنانی تەكنیكە پێداگۆجییەكان، چونكە بنەمای نمایشی شانۆیی زنجیرەیەك سیستەمی بینراو و بیستراوە، وێنە بینراوەكەی بە هەموو بڕگەكانیەوە لەخۆیدا سیستمێكی بینایی پێكدێنێت كە هەڵگری ئێبینیە فكری و چێژبەخشەكانیەتی و لە بیرۆكەی ئێكستەوە هەڵقوڵاوە، خۆی لە رێگەی توخم و پێكهاتەكەیەوە ئەنوێنێت كە زەمینەیەكی بینینی پوخت دەڕەخسێنێت بۆ ژمارەیەك توخمی شانۆییەكە كە بە توخمە بینراوەكانی نمایش ناوزەند دەكرێن یان توخمەكانی پێكهاتەی بەرهەمی شانۆیی كە بریتین لە (ئەكتەرو جلو بەرگ و ئێكسسوار و ڕوناكی ) كە هەمویان یەكتری تەواو دەكەن، لەبەرهەمهێنانی سیستمی نمایشی بینراو كە ((لەبنچینە بیرۆكەكەیدا پشت بەو دەقە دەبەستێت كە دەرهێنەرەكە دیاریی كردوە بۆ كاركردن لێک چوون و پەیوەندییەكی قووڵ لەگەڵ راهێنراوی پێداگۆجی دەیانبەستێتەوە ئەویش كاركردنە لەسەر فیزیكی جەستە و دەنگ و جوڵە بە ئامانجی گەیاندن ئەو پەیامە مەعریفیەی هەیانە)) ( سعيدي، 2013: ص96). هەروەها بۆ ئەوەی تێڕوانینەكانی بە پێی كار و ئامانج و ئاوات و ئارەزووەكانی خۆی تێدا بخاتە روو كە هەوڵ دەدات بە نمایشەكە بیگەیەنێت یان بیناسێنێت و لەبەر ئەوەی ئەكتەر توخمی دانامیكی نمایشەكە و هەڵگری پەیامەكە وەكو زانستی (سیمیاء) ئاماژەی پێكراوە چونكە ئەو تەوەرە گرنگە هەمیشە گۆڕاوەكەیە، كە جلوبەرگ و ئێكسسوار و دیكۆر و رووناكی دەیسەپێنن بەسەریدا وەكو تەواوكەری ئەو كەسایەتییە، بۆ ئەوەی كاریگەریی بینایی منداڵ كێش بكات لەڕێگای دروستكردنی توخمی سەرسوڕمانی وێنەیی بە هەموو بەشەكانیەوە شان بە شانی سیستەمی دەنگی ئەكتەر، كە ئامرازی وەرگێڕانی بیرۆكەكانە لە دەقەوە بۆ نمایش، لەڕێگای ئەو دیالۆگانەوە كە ئەكتەر ئاراستەیان دەكات وبە هەماهەنگیی موزیک و كارتێكەرە دەنگییە تایبەتەكان كە پێكهێنەری سیستەمی دەنگیین لە شانۆدا بەگشتی و شانۆی منداڵان بە تایبەتی وەک توخمێكی سەرسامكەر و سەرسوڕهێنەر بۆ تێرامان بۆ ئەوەی خۆشی بگات بە بینەر .كەواتە دیالێكتیكێک هەیە بۆ بەدەستهێنانی هاوكاتبوونی دەنگ لەگەڵ وێنەدا بۆ دروستكردنی توخمەكانی سەرنجڕاكێشان وەک تریقانەوە لە منداڵدا، لەبەرئەوە دەرهێنەركۆمەڵێك ئەركی بێوێنە هەیە دەبێت كاریان لەسەربكات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی،بەهەڵبژاردنی كۆمەڵێك كەسی شارەزا كارەكانی بۆ بكەن چونكە دەرهێنەر فەرماندەی كارەكەیە و خۆی بەرپرسیارە لە هەموو وردەكارییەكانی نمایشەكە و مامەڵە كردن لەگەڵ زۆرێک لەهاوكاران لە هەمو بەشەكانی نمایشەكە و رۆڵی هەریەكێك لەبەشێكی سەربەخۆدا وبۆ ئەوەی لەسنوری سیستەمی گشتی نمایشەكە دەرنەچێت جا ئەگەر ئەو دەرهێنەرەش بنەماو تەكنیكەكانی پێداگۆجی لە كاتی مەشق و ڕاهینانەكان بەكاربهێنێت شانۆ دەبێتە هۆكاری چاكسازی و گەیشتنە ئامانج((هونەری نواندن لە دەزگای پەروەردەییدا وەک تەكنیكێكی پێداگۆجی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی گشتی و تایبەتیەكان بەكاردێت) ) (خەليل، ٢٠١٦: ٣٨٤)، وە لێرەدا رۆڵی دیزاینەر دێت لە دەرخستنی ئەو زانیاری و شارەزاییە هونەریی و پراكتیكیەی هەیەتی بۆ دەستنیشانكردنی بەرنامە هونەریەكەی بۆ ئەوەی زۆرترین لەیەكچوون لەنێوان ئامانج و بۆچوونی خۆی و دەرهێنەردا دروست بكات، لەبەر ئەوەی كاریگەرییەكان بە پێی پەرەسەندنی گشتیی مێژوویی شانۆدەردەكەون، شانۆی منداڵان لەعێراق بەدەرنیە لەو پێشكەوتنەی لەسەرتاسەری جیهاندا هاتۆتە ئاراوە، لەرووی پێشكەوتنی بیروباوەڕەوە بێت یان یان پێشكەوتنی تێڕوانینی دیزاینەرەكان یان پێشكەوتنی تەكنەلۆجی ئەو ئامێرانەی لەنمایشی شانۆدا بەكار دەهێرێن بۆ دروستكردنی وێنەی خەیاڵیی بۆ ڕاكێشانی سەرنجی بینەران(ناجد, ٢٠٢١ : ١٧٨ص -١٧٩).

**1: هونەری نواندن و پرۆسەی ڕۆڵ بینین :**

((ئەکتەر یەکێکە لە توخمە سەرەکیەکانی نمایش کە لە ڕێگەیەوە ئەکتەر گوزارشت لە هەست سۆزو هەڵچوونەکانی خۆی دەکات، کە هەریەکە ئاماژەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە )) ( عبد الفتاح، ١٩٨٤:ص ٩٩). ئەو وشانەی لەلایەن ئەکتەرەوە لە نمایشە شانۆییەکەدا دەرئەبڕدرێن کۆمەڵێکی ئاڵۆز لە ئاماژەیان تێدایە، چونکە ئەم ئاڵۆزییە زادەی هەموو ئەو گفت و گۆیانەیە کە پەیوەندی بە دۆخی کارەکتەرەوە هەیە کە ئەیەوێت گورزارەیان لێبکات، لەبەرئەوەی قسەکردن بەشێکە لە ڕووداوەکانی شانۆییەکە هەر ڕیتمێک دەبێت گوزارە لە حاڵەتێك بکات،وەکو ئەوەی گوزارە لەکەسێکی بەتەمەن یان نەخۆش یان دەروون شێواوێك بکات، یان ئەگەر توندو گرژ بوو .

بەکارهێنانی ڕێبازەکانی پێداگۆجی بۆگەیشتن بەو داهێنان و نواندنە شانۆییە کاری ئەکتەر ئاسانتر دەکات، لەم رووەوە (هایز گۆردن) دەڵێت: ((ئەگەر ئەوشتەی دەیهێنیتە بەرچاوی خۆت باری ئەقڵیت، یان جەستەییت، یان سۆزداریت، یان بەر جۆرێک کاردانەوەت بگۆڕێت ئائەوە نواندنە**)** )( علی، ٢٠١٦:ل ٤١٦)، کەواتە ئەکتەر بەر لە هەموو پێک هاتەکانی تر پێویستی بەکارهێنانی پایەکانی پێداگۆجیە بۆ پەرەپێدان و چێژی دەرکەوتن و جوانی و بڕوا بە خۆبوون تا بگاتە بەرزترین پلەی داهێنان ئەویش بە جێبەجێ کردنی تایبەتمەندییەکانی تێگەیشتن و ئارەزوو پەرە پێدانی ئازادی دەکرێت .

ئەکتەر و نواندنەکەی پێکهاتەیەکی گرنگە لە سیستەمی پێکهاتە بینراوەکاندا، چونکە ناوەندێکی سەرەکییە بۆ بنیاتنانی واتاکان وەک کارتێکەرێکی بینراولە ناو پێکهاتەی شانۆییدا لە رێگەی جووڵە پێکردنی جەستەییەوە وەك (جووڵە، نیشانە، ئاماژە) لەناو تۆڕێك ئاماژەدانی بینراوی تر لەلایەن توخمە پێکهێنەرەکانی تری نمایشە شانۆییەکەوە بەگشتیی، ((لێرەوە ئەبینین هەموو جووڵە و ئاماژەیەك بەجەستەی ئەکتەر بەندە بە پاڵنەرەکەیەوە لەگەڵ هەڵچوونە هەناوییەکەیەوەکە لەگەڵ نواندنی رۆڵی هەرکەسایەتیەکدا پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ توخمە تەواوکەرەکانی تری نمایشە شانۆییەکە)) (عثمان، ١٩٩٦:ص ١٦٢). واتا دەبێت کەڵەکەبووی ناوەکی ناخی ئەکتەر لەگەڵ ئامێرەکانی تری نمایشەکە هەماهەنگ بن یان بگونجێن. هەر بۆیە مامۆستا کاتێ هەوڵی ڕۆڵ بینین دەدات لە پەروەردە کردن و فێرکردنی منداڵ راستەو خۆ کاریگەری دەخاتە سەر توانایی دەربرینی ناخی منداڵ ئەمەش هەستی بوێری و ئازایەتی بە منداڵ دەبەخشێت، کەواتە مامۆستا پۆل وەک هۆڵێکی شانۆ و خۆشی وەک دەرهێنەر وچەند قوتابییەک وەک ئەکتەرو قوتابیەکانی تریش وەک بینەر دەردەخات وە ئەو بابەتەی کە بەردەستە جا چ زانستی یا ئەدەبی یا کۆمەڵایەتی بێت، بە جوانترین شێوە دەگەیەنێتە قوتابی لە یارمەتی هونەری پێداگۆجی و ڕۆڵ بینین کار لە هزری قوتابی دەکات کە وانەکەی بیر نەچێتەوە.

هەربۆیە جۆن دێوی ڕاهێنەرو فەیلە سوفی ئەمریکی بەناوبانگ لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەدا دەڵێت ((تا ژیان بەردەوام بێت ڕاهێنان و پەروەردەو داهێنانیش بەردەوام دەبێت ئەو پێی وایە )) (دێوی,2017:ل22), ئەم جۆرە فێرکردنە کە جووڵە و چالاکی و کردارە بینراوەکان دەیگەیەنن بە تەواوی کەشێکی پێداگۆجی نوێیە، .(جۆن دێوی ) دەروناس و دامەزرنەری پێداگۆجی دەڵێت(( لە شێوازی فێرکردنی بە گروپ و کارکردن بە کۆمەڵ و جووڵە و چالاکی و بەشداری کردنە دەکاتەوە، پێی وایە ئەم شێوازە دەبێتە هۆی پشکوتنی کەسایەتی و هزری منداڵ )). (دێوی,2017:ل23).

**2 دەرهێنەری پێداگۆگ :**

دەرهێنەر رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دیاریکردنی پێکهاتەکانی کاری شانۆدا وەك رۆڵی ئەکتەرەکان و شێوازی نمایشکردنیان، هەر ئەویش کارتێکەرە بینراوەکان دیاریدەکات کە دەکەوێتە سنووری رۆڵی هەر ئەکتەرێکەوە، دەرهێنەر تاکە کەسە کە زۆرترین بنەما و پرۆگرامەکانی پێداگۆجی پەیڕەو دەکات، دەرهێنەری سەرکەوت و توانای گەیاندن و راهێنانی بە قوتابی یا منداڵ بەهەرەمەکی و بێ پرۆگرام نابێت( (تیشک دەخاتە سەر بونیاتنانی راهێنان و فێرکردنی پێشوەختە پەرە پێدان بە لێهاتووی)) ( جاف 2015 ل503 ) و ئەوەی پەیوەندیەکە قوڵتر و پتەو تر دەکات حەزوو خولیای هەردوولایە بۆ کارێکی بە کۆمەڵ و کاریگەر ێداگۆجی پەیوەندی نێوان ڕاهێنەر و فێرخواز پتەو دەکات کار لەسەر رۆشنبیر کردن و کلتور و تەکنیکەکانی گەیاندن دەکات بە فەرمی تیشک دەخاتە سەر پەروەردەکردن و پراکتیک ڕاهێنەران و فێرخوازان، بەکارهێنانی بنەماکانی پێداگۆجی لە لایەن دەرهێنەری شانۆی منداڵان دەبێتە میتۆد و ئامرازێک بۆ مەشق و راهێنان وە یارمەتی دەری سەرەکییە تا کار لەسەر ئەکتەر بکات بۆ ڕۆڵبینین و گەیاندنی پەیامی شانۆکە کە پەیامێکی پەروەردەی لە خۆ گرتووە، پراکتیک و مەشق و راهینانەکان چ لە پۆل یا لە هۆڵێکی شانۆی درێژە پێدەری یارییە لای منداڵ چێژێکی تایبەت لە رووداو بابەت و فەزای گشتی نمایشەکە وەردەگرێت وەک جلوبەرگ و دیکۆر و هەڵسوکەوتوو نمایش کردن و باوەر بە خۆ بوونی، هەموو ئەوانە دونیایەکی خەیاڵی بۆ منداڵ دروست دەکات کە تێیدا هەست بە

ئازادی دەکات  کە لە ژیان ناچێت وە خۆی بە گرنگترین بەشی ئەو دونیا خەیاڵیە دەبینێت، گومانیشی تێدا نیە ئەمە دەرهێنەر دروستی دەکات، بەمەش کاریگەری تەواو لەسەر هزرو تێگەیشتنی منداڵ جێ دەهێڵێت بە تایبەت ئەو منداڵانەی وەک ئەکتەر رۆڵ دەگێرن دەرهێنەرێکیش بە بنەما و ناوەرۆکێکی پتەوی سەردەمیانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و کار لەسەر ناخ و دەروونی منداڵ دەکات. میتۆدەکانی هێلسکۆڤ کە دەروناسە وەک پێداگۆگ کار لەسەر چەمکی رەفتار دەکات دەڵێت: ((تاک دەبێت وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت نەک وەک ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ,چونکە مرۆڤەکان لە رووی دەروونییە وە لەگەڵ یەک جیاوازن بۆیە ناکرێت یەک مامەڵە بۆ هەمووان ەبەکاربهێنین))(2021(https://jineftin.krd)  ، کەواتە چۆنیەتی رەفتارو مامەڵەکردن گرنگترین بنەمای پێداگۆجین کە دەتوانرێت زۆرترین ئامانج لە رێگەیانەوە بێتە دی. دەرهێنەری شانۆی منداڵ دەبێ توانای تێگەیشتن و مەعریفە و فێرکردنی زۆربێت و لە ناخ و دەروونی منداڵ ئەوەندە نزیک بێت بتوانێت کار لەسەر تاک بەتاکی دەروونە جیاوازەکان بکات بەو لێهاتوویەوە هونەری پێداگۆجی لە مەشق و راهێنانەکان بەکاربهێنێت لە پێناو پێش کەش کلردنی نمایشێکی شانۆی منداڵان کە ئامانج لێی پەروەردە کردنی تاک و کۆمەڵ و پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست و رۆشنبیر بۆ کۆمەڵگە.

**2-2 رۆڵی پەروەردەیی شانۆی منداڵان:**

وەك لە پێشتر روون کرایەوە شانۆی منداڵان رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە پەروەردەکردنی منداڵدا، بەو مانایەی کەئامادەی دەکات بۆ ژیان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵیدا و ببێت توخمێکی چالاک و ئەرێنی و سوودبەخش بۆ خۆی و کۆمەڵگاکەی. شانۆی منداڵان ئەرکێکی پەروەردەیی مەزنی لەئەستۆدایە و رەنگە کاریگەرترین ئێوەندی رۆشنبیریش بێت و لەوانەیە توانای گەیاندنی زانیاری لە توانای بابەتی خوێنراوە زیاتر بێت ، چونکە منداڵان خۆیان بە سروشتیی ئارەزوویان لە شانۆیە بەو پێیەی ((شانۆ لای ئەوان گەمەیەکی بەخەیاڵ دروستکراوە، شانۆ یاری و چێژی دەروونیی بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە  وتووێژ و رەنگ و جوانی و راستی لەخۆدەگرێت))( شبکە، ٢٠١٩: ص ٨٩٧) لەبەر ئەوە پانتاییەکی بە پیتە لە پانتاییەکانی رۆشنبیریی. شانۆی منداڵان یەکێکە لە هۆکارە پەروەردەیی و فێرکارییەکان کە لە رووی عەقڵی و دەروونی و فیکری و کۆمەڵایەتی و زانستی و زمانەوانی و جەستەییەوە بەشداری لە گەشەی منداڵان دەکات،(( هونەرێکی نواندنی دراماتیکییە هەڵگری بارستاییەك بەهای پەروەردەیی و ئاکاری وفێرکاری ودەروونیە کە ئەیکات بە ئامرازێکی گرنگ لە ئامرازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ و داڕشتنی کەسایەتیی تایبەتی خۆی بۆ گەیشتن ئامانجە پەروەردەییەکانی شانۆی منداڵان  دەبێت))( Praveen , 2016:p115)، یەکەم، پێوەرێک هەبێت کە بەو پێیە تێکستە شانۆییەکان هەڵدەبژێردرێن و پێوەرێک بۆ ئەوەی کە نمایشی شانۆگەرییەکان لە ناو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا چۆن بێت، و رێبازێکی زانستیانە  بگیرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

کەواتە روون بووەوە کە ((نواندن و لاسایی کردنەوە پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە لە ژیانی منداڵاندا)) (حسین، ٢٠٠٤: ٥٦)لاسایی کردنەوە ئامرازی فێرکاریی یەکەمە لای منداڵان. زانایانی دەروونناسیی و پەروەردە بایەخێکی زۆریان بە تایبەتمەندیەکانی مندالان داوە و چالاکی زانستی و پراکتیکیی زۆریان بۆ منداڵان ئەنجامداوە  کە یارمەتیی بدات سوود لە تواناکانی خۆی وبەهرەکانی وەربگرێت، بە پشت بەستن بە تامەزرۆیی سرۆشتیی و خۆڕسکی منداڵان بۆ نواندن و لاسایی کردنەوە، شانۆی منداڵان لە فێرکردنی راستەوخۆدا وەکو یەکێك لە گرنگترین کەرەستەکانی پەروەردەو فێرکاریدا بەکار دەهێنرێت.

بەشانۆیی کردنی پرۆگرامی خوێندن چەند چەمکێك لەخۆدەگرێت وەك، ئەزموونی درامی یان ئەزموونی شانۆی پەروەردەیی، کە مەبەست لێی رێکخستنەوەی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و شێوازی وانەوتنەوەیە لە شێوەی ئەنجامدانی دیالۆگی ئاساییدا، ((فێرخوازان ئەو رۆڵانە دەبینن کە شێوازە نوێیەکەی هەڵوێستە فێرکاریەکە دەیخوازێت، بۆ ئەوەی بابەتەکە شی بکرێتەوەو رەخنە بکرێت و ئامادە بکرێت بۆ تێگەیشتن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆگرامی خوێندن. بەمجۆرە ئەزمونە ناڕاستەوخۆکان دەگۆڕێن بۆ ئەزموونی ڕاستەوخۆ ))(شحاتە , ٢٠٠٤ : ٢٥٢). هەروەها ئەو ئامرازەیە کە بابەتەکان بە شێوەی شانۆیی ئاسان دەکات و شی دەکاتەوە و لە شێوەی شانۆگەرییەکدا  بەرجەستەی دەکات کە تێیدا بابەتی زانستی و جموجووڵی تێدا زاڵە .

هەروەها بەوە پێناسە دەکرێت پرۆسەیەکە بۆ گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن و وانە بڕیار لێدراوەکان بۆ شانۆگەریەك گوزارە بیروباوەڕ و زانیاری و بەها پەروەردەیی و جوانناسییەکان دەکات(( پرۆگرامی خوێندن بە شێوەی درامی لەڕێگای ئەو دیالۆگانەوە لەنێوان کەسایەتیەکاندا بەڕێوە دەچێت بەشێوازێکی هاوسەنگ و هاوئاواز لەنێوان ناوەرۆك وڕواڵەتدا، بەمەرجێك توخمی چێژو سوود وەرگرتنی تێدا بێت ))(نواصرە، ١٩٩٤: ٢٤١). هەروەها بەوە پێناسە دەکرێت کە گرێدانی زۆربەی بابەتەکانی خوێندنە بە شانۆوە بەسوود وەرگرتن لە توانای شانۆ وەکو کەرەستەیەکی پەروەردەیی و فێرکاریی بەشێوازێکی نایاب لێردا ((شانۆ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی تایبەت بەهەربابەتێکی پرۆگرامی خوێندن یان مەبەستێکی پەروەردەیی )) (أبو أسعد، ٢٠٠٨: ٥٥). توێژینەوەی (عفانە )

باس لە بەشانۆکردنی پرۆگرامی خوێندن بەوە پێناسە دەکات کە ((یەکەیەکی داڕێژراوە وبەش بەش ناکرێت ،ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن بە شێوەی نمایشی شانۆیی رێك دەخات و پێکهاتەکەی زانست و بیروباوەڕی گرنگە لەناو پۆلدا نمایش دەکرێت ))، (عفانە، ٢٠٠٩: ٧٩) لەڕێگای دەستەیەکی تەواو لەکەسایەتی و کەرەستەو ڕێ وشوێن کەهەمویان پێکەوە راستەوخۆکاردەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

**3- شانۆی منداڵان**

هەرکاتێک باس لە مێژووی شانۆی منداڵان و گەورە ساڵنەوە بکەین پێویستە هەلوەستە لەسەر شارستانیەتی گریک بکەین وە یەکەم سەرهەڵدانی شانۆ لەم ووڵاتە هەرچەندە لێرەدا تیشک ناخەینە سەر بابەتە مێژوەکەی بە وردی بەڵام تا بزانین چۆن شانۆی منداڵان هاتۆتە کایەوە بێگومان بە قۆناغی جیاواز لە وڵاتێک بۆ وڵتێکی تر گوازراوەتەوە هەموو سەرچاوە بەراییەکانی مێژوولی شانۆی منداڵ تا سەدەکانی نۆزدە بە هەوڵی بەرایی دادەنرێت و منداڵ تەنیا وەبینەر بەشدار بووە تا بۆیەکەم جار لە ئینگلتەرا تیپی نواندنی منداڵان دامەزرا ((لەساڵی 1537) لە ئینگلتەرا تیپێکی نواندنی منداڵان لە لایەن پاشای بچووک (ئەدواردی شەشەم ) لە کۆشکی شاهانە دامەزرا ))( قەرەداغی, 2011:38) هەربۆیە کوردیش لەو مێژووە بەدەر نیەو لە ژێر کاریگەری دەستاو دەستی نەتەوەکانی دراوسێ ئەم هونەرە هاتۆتە نایەوەو گەشەی کردوە و بەرە پێش چووە تا ئەم شانۆییەی ئێستای لێ دروست بووە .

**1-3 پێکهاتەی شانۆی منداڵان لە ڕووی( دەق)**

دەقی شانۆیی و نمایشی شانۆیی لەسەر بیرۆکەیەک دروست دەکرێت بنەماکەی بەها پەروەردەیی و ئەخلاقییە گونجاوەکانە کە دەبێت بۆ تەمەنی منداڵ و ژینگەکەی بگونجێت و دەبێت پێکهاتەکانیش بە ووردی کاریان لەسەر بکرێت ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم بیرۆکە :**

بیرۆکە دەستپێکی هەموو کارێکە. واتە دەست نیشان کردنی (دەق)ی شانۆیی گرنکترین پێکهاتەی نمایشە((هەڵبژاردنی بیرۆکەی تێکستی (دەق)ی شانۆیی منداڵان گرنگ وهەستیارە)) (خەلیل , علی : 2016 ل359) بیرۆکەی بۆ ئەنجامدانی شانۆیی منداڵ کارێکی ئاسان نیە و دەبێ بیرۆکەی کارەکە ئاڕاستەیەکی پەروەردەی هەبێت کاریگەری لەسەر گەشەی منداڵ و مامەڵەکردن و توانای تێگەیشتنی زیاد بکات وە ئەوەی گرنگە لەگەڵ تەمەن و قۆناغەکانی گەشەی تەمەنی گونجاو بێت، جا لێرەدا رۆڵ و ئاستی تێگەیشتنی نوسەر و دەرهێنەر دەردەکەوێت تا چەند بیرۆکەی کارێکی باش ئەنجامێکی باش دەخاتە هزرو مێشکی منداڵ, بیرۆکەی شانۆگەرییەکە سادە و روون بێت، شانۆگەرییەکە لە چەند توخمێکی هەماهەنگ لەگەڵ یەکتردا پێکدێت بۆ ئەوەی کارێکی شانۆیی ناوازە پێشکەش بکرێت، پێویستە ئەو پێکهاتانە جا چ لە دەقی شانۆکە یا لە نمایشی شانۆکە ڕەنگ بداتەوە، بەیەکەوە نمایشێکی جوانی هونەری پڕ لە بەها پەروەردەیەکان پێشکەش بە منداڵان بکەن .

**دووەم : دیالۆگ**

((دیالۆگ ئاڵوگۆری قسەی نێوان دووکەس یان زیاترە)) (علوش ,سعید : 1985,ص87). و لە شانۆگەریدا دیالۆگ گوزارشت لە قەوارەی دەقی شانۆیی دەکات و ئەو توخمەیە کە شانۆگەرییەکە لە پێکهاتەی هونەریی خۆیدا لەسەری بنیادنراوە،((دیالۆگ یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانی، هۆکاری بەرەوپێشبردنی ڕووداوی شانۆییەکەیە و ڕایەڵەکەی لەو دروست دەبێت و بەها ئەدەبیەکە دەبەخشێت بە شانۆگەریەکە )) ( نجیب , أحمد 2000ص95). دیالۆگ دیارترین توخمی کاری شانۆییە، کە لەڕێگەیەوە دەکرێت مانا و ئایدیاکانی شانۆگەرییەکە گوزارەیان لێ بکرێت، ئەوە ئەو گفتوگۆیەیە کە لەنێوان کاراکتەرەکانی نمایشەکەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێت، هەر لەڕێگای دیالۆگیشەوە هاوسەنگی نێوان کەسایەتیەکان ڕادەگیرێت لەڕووبەڕوبونەوەی یەکدا، ((دیالۆگ لە سەرەتادا بەرلەوەی بێتە نێو ئەدەب لە فەلسەفەدا بەکارهاتووە، ئەفلاتوون بە دیالۆگ بیری فەلسەفی سوکراتی خستوەتەڕوو)) ( ئەحمەد , کەیفی , 2012ل 51) . دیالۆگ گفتوگۆ وێنەیەکی زیندوی کەسایەتیە لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و رۆشنبیریدا، و جیاوازییە دەروونی و فیکرییەکانی نێوان کارەکتەرەکان روون دەکاتەوە و هەست و سۆزیانمان بۆ دەگوێزێتەوە.

ئەگەر لە شانۆدا کە پێشکەشی پێگەیشتووان دەکرێت دیالۆگ گرنگ بێت ,ئەوا لە وشانۆیەیی کە پێشکەش بە منداڵان دەکرێت زۆر گرنگترە، چونکە نووسەر وەک نێوەندێک بەکاری دەهێنێت بیرۆکەکە هەڵدەگرێت و دەیگەیەنێتە منداڵەکە و تا چەند نوسەر سەرکەوتوو بێت لە دروست کردنی دیالۆگێك کە لەگەڵ توانای تێگەیشتن و ئاستی وەرگرتنی منداڵان گونجاو بێت، ئەوەندە

سەرکەوتوو دەبێت کاریگەریی هەبێت لەسەر سۆز و عەقڵی. نووسەر دەبێت لە دیالۆگدا ڕەچاوی ئاستی زمانەوانی و بیرکردنەوەی منداڵان بکات ئەمە یارمەتیدەرە بۆ جوان گەیشتنی بیرۆکەکە (خەلیل عەلی) باس لە دیالۆگ دەکات لە شانۆی منداڵان و دەڵێت: ((پێویستە دیالۆگەکان پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەبێت، زمانی ساکار و سووک و سادە بێت و لەگەڵ تەمەنی منداڵ بگونجێت پێویستە لە ئاستی جیاوازی ڕۆشنبیری کەسێتییەکان بگونجێن )) ( عەلی , خلیل 2016ل359 ) هەروەها کاردانەوەیەکی قووڵ لە دەروونی منداڵ دروست دەکات پەیوەندیەکی پتەو لە نێو کارئەکتەرەکە و وەرگر دروست دەکات. زمان ئامرازی دەربڕین و تێگەیشتنە کە گوزارشت لە هەست و بیروبۆچوون دەکات، وە وێنەیەکی بیستراو و خوێندراوی ئەوەیە لە مێشکماندا دەگوزەرێت، زمان بە مانا گشتیەکەی ئامرازی بنەڕەتی دەربڕینە، و ئامرازی دیالۆگە ئەو زمانەی کە دیالۆگی ئاڕاستە کراوی منداڵی پێ دەنوسرێت دەبێت ئەو جۆرە زمانە بێت کە منداڵ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری دەهێنێت، بۆ ئەوەی ئاسان بێت بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن.

**روونی**

روونی دیالۆگ وا لە منداڵ دەکات لە ناوەڕۆکی کاری شانۆیی یەکە تێبگات و بزانێت مەبەستی چیە، یەکێک لە کارە دیارەکانی دیالۆگ ئەوەیە بیرۆکە بنەڕەتیەکە روون بکاتەوە، پەیامەکەی هەڵبسەنگێنێت، و کاراکتەرەکان شی بکاتەوەو و ئاشکرایان بکات (علی , أحمد باكثير، ١٩٨٤:ص ٨١) گفتوگۆ ئەم ئامانجانە ناپێکێت ئەگەر بەتەواوی روون نەبێت و سوود لە توانای ئەفراندنی هونەری و درەوشانەوەی وەرناگرێت. بارگاویکردنی گفتوگۆ بە ناڕوونیی دەبێتە بەربەست لە نێوان تێکست و وەرگردا، بەتایبەتی ئەگەر وەرگر لەقوناغی منداڵیدا بێت.

**کورتیی و چڕیی**

دیالۆگ لە شانۆی منداڵاندا دیالۆگێکی هونەرییە دەبێت پوخت وچڕبێت، پشت ببەستێت بەچەند وشەیەکی کەمی مانا فراوان، بەو جۆرە نووسەر دەتوانێت خۆی بە دوور بگرێت لە زۆربڵیی، واتە قسەوباسێک کە هیچ سودێکی نیە و لە بابەتەکەی دوور دەخاتەوە کە بیری منداڵان دەشێوێنێت. دیالۆگ لە شانۆی منداڵاندا پشت بەو رستانە دەبەستێت کە تێگەیشتنی ئاسان بێت (محمد،ابتسام عبد المنعم ٢٠١٧: ٢١٣-٢١٤)، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ سروشتی منداڵێک کە لەوانەیە هەست بە بێزاریی بکات لە دەستەواژە درێژەکان، جگە لەوەی ناتوانێت دوای گێڕانەوەی چیرۆکێکی درێژ بکەوێت، چونکە ئەو زیاتردەیەوێت سەیربکات نەك ببیستێت.

**ریتم**

ریتم لە زاراوەی ئەدەبیدا (( جووڵەی ئاوازی گوتارێکی بڵاوکراوە و ڕێکخراو کە لە هاوتەرییی دەنگی پیتەکانی یەك بێژە بەتەنیشت یەکەوە دروست دەبێت)) ( ابو معال, عبدالفتاح: 1984ص37) ، لە ئەنجامی شێوازی مامەڵەکردن و تێکەڵ بوونی وشەکان لەگەڵ یەکتریی و هەروەها لە ئەنجامی دروست بوونی جوانکاریی وشەیی ئاوازێك دروست دەبێت کە گوێ بەخۆشیەوە وەری دەگرێت، لەوێوە ((زمانی دیالۆگ ئەم ریتمە مۆسیقیە جوانە وەردەگرێت وەکو کەرەستەیەك بۆ ڕاکێشانی منداڵان وبۆ خوێندنەوە یان نمایش، دیالۆگ ئەم ڕیتمە لە وشە وڕستەی ئاوازدار وهەماهەنگی تەواوی لە نێوان وشەکان وڕستەکاندا ولە نێوان ئاوازی دەنگیی وڕێزمانیی وشەکاندا وەر دەگرێت)) ( ترکی ,سالم مصطفی :1996,ص139) .لەبەرئەوە نووسەر دەبێت توانەیەکی باشی هەبێت لە هۆنینەوەی وشەکانیدا بەڕێکوپێکیی چونکە کاریگەریی لەسەر بینەر هەیە. ڕیتم یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی میوزیک چونکە هەڵگری تایبەتمەندیەکی ئیستاتیکی گرنگیش دەگێرێت لە یارمەتی دانی منداڵ لەسەر دۆزینەوەی جوڵەیەکی جوانی هونەری (بورهان قەرەداغی، ٢٠١١: ٣٣٠). هەروەها بەیەکەوە سازانی دەنگەکان لە بەشەکانی دیالۆگدا ڕیتمێکی جوان دروست دەکات کە گوێی منداڵ ئاشنایە بەوەرگرتنی، بۆیە چێژ لەکاری شانۆیی وەردەگرێت.

**بابەتییبوون**

بابەتیبوون یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیالۆگی مانادار، کە هەر وشەیەک تێیدا حەقیقەتێکی تایبەت بە بیرۆکەی شانۆگەرییەکە، ڕووداوەکانی، کەسایەتیەکانی ئاشکرا دەکات، و ((دیالۆگ دەگونجێنێت لەگەڵ ڕەهەندەکانی ئەو کاراکتەرانەی نووسەر وێنایان دەکات، هەروەها ئامانجەکەش گونجاو دەکات کە دەیەوێت بیگەیەنێت، چونکە دەبێت دایەلۆگەکان ڕاستگۆیی بنوێنن لە ناساندنی کەسایەتیەکان و ئاڕاستەکانیان بەرەو ئامانجەکە)) ( قشوه , ٢٠٠٦: ٥٧)، هەڵوێستەکانیان و هەستەکانیان ڕوون دەکاتەوە بە جۆرێك لەگەڵ ڕەهەندەکانی کەسایەتیەکە و قۆناغە سروشتیەکانی ڕووداوەکاندا هاوئاواز بێت .

جۆرەکانی دیالۆگ: دەکرێت دیالۆگ دوو جۆر بەیەکەوە کۆ بکاتەوە: دیالۆگی دەرەکی و دیالۆگی ناوەکیی، دیالۆگی دەرەکی مەبەست لێی گفتۆگۆیەکە لەنێوان دوو کەس یان زیاتردا لەنێوان خۆیاندا، قسەی هەریەکێکیان ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر دەکرێت

و دەبییستێت بەڵام دیالۆگی ناوەکیی ((ئەو بیرکردنەوە و تێڕامان وهەستە دەرونیانەیە کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا لەناخیدا ئەنجامی دەدا وئاسانە ناوەرۆکەکەی وەربگرێت.)) (أحمد , نفله حسن ، ٢٠١٢: ١٠٢-١٠٣).

**سێیەم : کاراکتەر**

کاراکتەر بزوێنەری سەرەکی کاری شانۆیی و دروستکەری ڕووداوەکان و ئەو جەمسەرەیە کە گوتاری گێڕانەوە بەدەوریدا دەسوڕێتەوە ((یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەی نمایشی شانۆیی، کە لە ڕێگەیەوە نووسەر بیرۆکەکەی دەخاتە ڕوو، بابەتەکەی پێشکەش دەکات، کاراکتەرەکان قسە دەکەن، دەجوڵێن و ڕۆڵێك رایی دەکەن، بۆ دەرخستنی نەخشەی ڕووداوەکان و قۆناغەکانی، ئەوە کاراکتەرە ڕووداوەکان دروست دەکات هەر ئەویشە دەبێتە پردی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان کاری شانۆیی و وەرگر)) (خلیفه , علی ، ٢٠١٣: ص١٠٤).

لە کاری شانۆییدا کاراکتەری سەرەکی و کاراکتەری لاوەکی یان ناوەندی هەیە، ((کاراکتەری سەرەکی ئەوانەن کە وەرچەرخان لە شانۆگەریەکەدا دروست دەکەن یان قۆناغەکانی بینای هونەری کارەکە دروست دەکەن، لە گرنگترینیان پاڵەوانی کارەکەیە، ئەو کەسایەتیە کەهەمو ڕوداوەکان لەدەوری ئەو دەسوڕێنەوە)) (محمد،ابتسام عبد المنعم ٢٠١٧: 226). لە کاتێکدا کاراکتەری لاوەکی ئەو کەسایەتیانەن کە پێکهاتەکانی تری کارە شانۆییەکە بەرجەستە دەکەن و دابەشکراوە بەسەر ئەو کارەکتەرانەی کە پشتگیری پاڵەوان دەکەن و هاوکاری و بەرگریی لێدەکەن لە کەسایەتییەکانی تر کە دژایەتی دەکەن و هەوڵ دەدەن ڕێگری بکەن لە گەیشتنی بە ئامانجەکەی، کاراکتەرەکان دەبێت چەندین تایبەتمەندیان هەبێت کە گرنگترینیان بریتین لە:

درەوشانەوە: ئەو شوێنەی کە ڕووناکییەکی مەعنەوی دەنێرێت بۆ مێشك تا زانیاری تیا وەربگرێت، ئاشکراو روون بێت لای وەرگر، بۆ ئەوەی منداڵان بتوانن دەرکی پێبکەن و تێیبگەن، چونکە نا ڕوونیی کارەکتەرەکان، یان بەجۆرێك شیاو نەبن بۆ تێ گەیشتن دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەوەی منداڵان تێکەڵی بابەتەکە ببن و گرفتیان بۆ دروس ت دەکات لە ناوەڕۆکی شانۆییەکە تێبگەن.

جیاوازی: ((واتا نەبوونی لێکچوون لە نێوان کارەکتەرێک و کارەکتەرێکی تر و نەگونجانی ناوی کاراکتەرەکان لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕن، هەر کاراکتەرێک ناوێکی تایبەتی و پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە کە لە کارەکتەرەکانی تر جیای دەکاتەوە، کەسایەتی کۆمەڵێک خەسڵەتی ئاکار و سۆز و فکریی کاراکتەرە کە لە کەسانی تر جیای دەکاتەوە)) و نووسەر ناوێك بۆ کاراکتەر دیاری دەکات کە هاوشان بێت لەگەڵ خەسڵەتەکانی کارەکتەر وەک: زیرەك، گەمژە، بۆ ئەوەی منداڵەکە هەریەکەیانی پێ هەڵسەنگێنێت ولاسایی و پشتگیریی باشەکەیان بکاتەوە و لە ئاکاری خراپەکەیان دووربکەوێتەوە.(بختي , صورية 2015: 26)

گەشەکردن وگونجاندن پێویستە گەشەکردن و گونجاندن لە وتارەکانی کارەکتەر و کردەوەکانیدا ڕەنگ بداتەوە، کە و تارەکانی و کردارەکانی کەسایەتییەکەی لەگەڵ خەسڵەتەکانی خۆیدا بگونجێت و دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت پەرەسەندنە لۆژیکییەکەی لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا بگونجێت، بۆ ئەوەی کاراکتەرەکان بەپێی لۆجیك و گەشەکردن و گونجاندن لە وشەکان و کردارەکانیاندا جیا بکرێنەوە، کەسایەتیی دوودڵ و ترسنۆک بە وشەکانی و کردارەکانی خۆی دیاریی دەکات، هەروەها ئەو کاراکتەرانەی نوێنەرایەتی لایەنی چاکە دەکەن دیسان خۆیان بە وتارەکانیان و کردارەکانیان شیرین دەکەن، هەروەها کۆمەڵێك کاراکتەر هەن لەشەرەنگێزیەوە دەگۆڕین بۆ چاکەکردن و بە پێچەوانەشەوە، دەبێت گەشەکردنێکی لەسەرخۆ و هەست پێکراو هەبێت بە هەنگاوەکانی ئەو گۆڕانکاریەلە دۆخێکەوە بۆ دژەکەی(التاجی , أماني: 2014, ص56)

**چوارەم : چنینکاری**

چنینکاری یان گرێچن(( چوارچێوەی ڕووداوە سەرەکیەکەیە لە شانۆکەدا، ڕووداو ئەوەیە کە مەسەلەیەك دەگۆڕێت، جووڵە دروست دەکات، یان شتێک بەرهەم دەهێنێت)) (زایتونی , لەتیف ، ٢٠٠٢: ٧٤). شانۆگەریی ((بریتیە لە زنجیرەیەک ڕووداوکە بەدوای یەکتردا دێن بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە نووسەر دەیەوێت پێی بگات شانۆگەریی زنجیرەیەک ڕووداوە کە بە یەکترەوە بەستراونەتەوە بۆ ئەوەی لە ئەڵقەی یەک لەدوای یەکدا بەردەوام بن بۆ ئەوەی بگاتە سەرئەنجامێك کە لەم ڕووداوانە بەرهەم دێت )) (حمدان حمدان، ١٩٨٩:٧٢). ئەو ماندوو بوونەی نووسەر دەیکێشێت لە ئەفراندنی ڕووداوەکاندا بە مەبەستیی بەدیهێنانی ئامانجەکەی خۆی لە پێشکەشکردنی بابەتەکەی دەبێت پێداگر بێت لەسەر ئەوەی ڕووداوەکان لەگەڵ یەکتری سازاو بن وپێشکەش بە منداڵی وەرگربکرێت بۆ ئەوەی منداڵەکە بتوانێت لە تەکیدا تێکەڵ ببێت و کاریگەریی لەسەری هەبێت .

ڕووداوەکانی ناو شانۆگەریی دابەش دەبێت بۆ ڕووداوە سەرەکیەکان کە شانۆگەرییەکە لەسەری بنیاتراوە و نمایش دەکرێت و ڕووداوە لاوەکییەکانی تر کە لە ئەنجامی ڕووداوە سەرەکییەکەوە دروست دەبن، نووسەریش بە پەرۆشە بۆ ئاراستەکردنی ڕووداوە سەرەکییەکان و ڕووداوە لاوەکییەکان بە ئاراستەی خزمەتکردنی ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدات لە شانۆگەری منداڵاندا نابێت ئەو

ڕووداوانە ئەوەندە زۆر بن کە مێشکی منداڵ جەنجاڵ بکات و بیری بشێوێنێت و زانیاری دەربارەی بابەتەکە نەبێت، دەبێت ڕەچاوی توانای منداڵ بکرێت لەتێگەیشتن و وەرگرتن .

نووسەر ڕووداوە لاوەکییەکان بەکاردێنێت بۆ دروستکردنی کەش و هەوای جۆش و خرۆش و بەرزکردنەوەی توخمی تامەزرۆیی کە منداڵان ڕادەکێشێت بۆ نمایشەکە و خۆشی و چێژیان بۆ دابین دەکات و هانیان دەدات کە پەیوەندیان بە جیهانی داهێنانی شانۆییەوە هەبێت، نووسەر دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکات کە ماوەی نمایشکردنی شانۆگەرییەکە دەبێت لەگەڵ تایبەتمەندییە دەروونی و عەقلی و تەمەنی قۆناغی منداڵیدا بگونجێت بۆ ئەوەی منداڵی وەرگر هەست بە بێزاری نەکات و بتوانێت ئاشنا بێت بە ڕووداوەکان و بە سادەیی وئاسانی درک بە ناوەڕۆکەکەی بکات، هەروەها دەرهێنەریش کە نووسەری دووەمی کارەکەیە دەبێ گرنگی بە جوڵە وشێوازی دەرهێنان وکارکردن بدات تا منداڵ لەکاتی نمایش دا تووشی بێزاری نەبێت.

**پێنجەم : کات وشوێن**

کات پێکهاتەیەکی کاری شانۆییە، وە یەکێکە لەمەرجەکانی، کەم ڕێدەکەوێت لەهەر کارێکی شانۆیدا، ئاماژەی پێ نەکرێت یانی باسی نەکرێت، کات کار دەکاتە سەر ڕەگەزەکانی تر و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەریان، کات پەیوەندیەکی دووقۆڵیی هاوبەشی هەیە لەگەڵ شوێندا، بەجۆرێك پەیوەستن بەیەکەوە تا ئاستێك ئەستەمە بتوانیت مامەڵە لەگەڵ یەکێکیان بکەیت بێ ئەوی تریان ((محمد،ابتسام عبد المنعم ٢٠١٧: ٢٤١). شوێنیش ئەو پانتاییەیە کە ڕوداوەکانی تیا ڕوو دەدات و کەسایەتیەکان تیایدا دەجووڵێن، زیاتر لەوەی چوارچێوەیەکە توخمێکی کاریگەریشە کە تەژییە لەماناو ئاماژە، لە کاری ئەدەبیدا، بە هیچ شێوەیەک ناکرێت کات شوێن لەیەك جیابکرێتەوە، چونکە ناکرێت باسی بوونی ڕووداوێک بکەین بەدەر لە باسی کات و شوێن، چونکە شانۆگەریی زنجیرەیەك ڕووداون  لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن، زانینی کات و شوێنی ڕووداوەکان یارمەتی وەرگر دەدات بە وردیی لەبابەتەکان بگات، هەمو کات وشوێنێك ڕەهەندی هونەریی و ئاماژەی تایبەتی هەیە کاریگەرییان دەبێت لەسەر ڕووداو و کەسایەتیەکان، شوێن پانتاییەکە ڕووداوەکانی تیا ڕوو دەدەن و کەسایەتیەکان تیایدا هەڵدەسوڕێن، تا جووڵەی کاتمان بۆ دیاری بکەن.

سروشتی شوێن ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر سروشتی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان، ((ئەو ڕووداوانەی لە لادێ ڕوو دەدەن و لەگەڵ داب ونەریتی لادێ نشیناندا دەگونجێن جیاوازن لەو ڕووداوانەی لە شار ڕوودەدەن کە دانیشتوانەکەی جیاوازترن)) ( عبدالحمن، الدسوقی 2005 ,ل45). هەروەها سروشتی ئەو ڕووداوانەی کە لە شوێنی پەرستن ئەنجام دەدرێن، وەک نوێژ ونزاو ویادکردنەوەی خودا، جیاوازن لەو ڕووداوانەی کە لە یانەکان وئاهەنگەکانی سەماکردندا ئەنجام دەدرێن و ئەوەی بەیانیان لەقوتابخانەکان دەبینرێت کە پۆلەکان پڕ ئەبن لەقوتابیان و ئەو قاو و قیژەی کاتی پشوو وانە خوێندن دەبیسترێت، جیاوازە لەوەی بەشە و لە هەمان قوتابخانەدا ڕوودەدات کە هێمنی و ئارامیی باڵی کێشاوە بەسەر پانتاییەکەدا و قوتابخانەکە جگە لە پاسەوان کەسی تری لێ نییە، لەبەر ئەوە کات کاریگەریی ئاشکرای هەیە لەسەر ڕووداو و کارەکتەرەکان.

نووسەری شانۆی منداڵان دەبێت پەرۆشی دیاریکردنی کات و شوێن بێت بەجۆرێك لە گەڵ قۆناغی منداڵییدا بگونجێت، کات بەلای منداڵەوە وێنەیەکی نزیکە لە هەندێك واتا کە لەمێشکیدایە، وەک ئەمڕۆ و سبەینێ و دوێنێ و بەیانی و ئێواران، و هەندێك واتای تر کە گونجاوە لەگەڵ توانای منداڵ بۆ تێگەیشتن و هەروەها شوێن بەلای منداڵەوە بریتیە لەهەندێك ناوچە کە لەدەوروبەریەتی، یان عەقڵی لێیان تێدەگات، وەکو قوتابخانە و ماڵەوە و کێڵگە و شەقام وکۆشك و لادێ و بیابان. نووسەر دەتوانێت کات لە ئێستاوە بگوێزێتەوە بۆ ڕابووردو و دواتر جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ئێستا.

نووسەر دەبێت ئاگادار بێت  لەدیاریکردنی ژینگەی کات و شوێنی کارە شانۆییەکانی دا کە ئاراستەی منداڵان دەکرێت. کات وشوێن وا دابڕێژێت هەریەکەیان ئاماژەی خۆیان هەبێت بەزنجیرەیەك لە وردەکارییەکانی ژیان. هەمو کات و شوێنێك سروشتی تایبەتی خۆی هەیە، رواڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی شوێنەواری ئاشکرای کات و شوێن لەسەر سروشتی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان دیاری بکرێت.

**شەشەم :ململانێ**

((ململانێ زۆرانبازییە لە نێوان دوو هێزی دژی یەك کە بەپێی پێویستی ئەو بەریەککەوتنە ڕووداوە درامیەکە هەڵدەکشێت)) (عبدالمنعم , زینب محمد 2013 : ص 70 ) بەوەش خولیای بینەران دەوروژێنێت و سەرنجیان ڕچ دەکاتەوە، ئەوەش دەبێتە زەمینەی شانۆگەرییەکە ولەوێوە زنجیرەی ڕووداوەکان دەست پێ دەکات و پەرە دەستێنێ و کارلێککردن و کەسایەتییەکان دروست دەبێت لەبەر ئەوە بوونی پێویستە، دەبێت هێزی بزوێنەر لەهەمو شانۆگەرییەکدا هەبێت تا شانۆگەرییەکە چالاکی و زیندوێتی پێوەدیاربێت.

ململانێی ناوەکی: ئەوەیە کە لەناخی کەسایەتییەکاندا بەڕێوە دەچێت، لەنێوان کەسایەتیەکە و ناخیدایە لەبەر نەبوونی هەماهەنگی لەنێوانی ئامانجی هەردوکیاندا، نمونەش ململانێ لەنێوان عەقڵ وهەست وسۆزدا، ئەنجامدانی ئەرك و بەزەیی پێدا هاتەوە یان ئارەزو ویژدان.

ململانێی دەرەکی: ئەوەیە کە لە نێوان کەسایەتیەکانی شانۆگەریەکەدایە کەخۆی لەململانێی کەسێك و هێزێکی دەرەوەی خۆیدا دەبینێتەوە. (سامی منیر عامر ، ١٩٨٧: ١٠٤).

شانۆی منداڵان دەبێت ململانێی دەرەکی لەئاستی تێگەیشتنی منداڵ و سروشتی دەروونیدا بێت، منداڵ لەم قۆناغەی تەمەندا لە کەسایەتیی چەند روو و ململانێی دەروونی تێناگات، دەبێت روونکردنەوە بۆ ململانێکە بکرێت و پەیوەست بکرێت بەئامانجی سەرەکیی شانۆگەریکەوە، ئەنجامی شانۆگەریەکەش دەبێت بە دڵی بینەرانی منداڵ بێت کە سەرکەوتنی چاکەیە بەسەر خراپەدا و دەبێت ململانێکە چێژی تیابێت و هەست بزوێنێت و هەمو بەشێك لەبەشەکانی روون و ئاشکرابێت و ململانێکە هەندێك هەڵوێستی کۆمیدیی تیابێت کە کەشێکی پێکەنین و دڵخۆشی بۆ مناڵەکان دابین بکات. هەروەها منداڵ بەردەوام حەزی لە جووڵە و یارییە بۆیە بەکارهێنانی ململانێ وەک یاریی لە ناو نمایشدا دەبێتە چێژێکی لەبیر نەکراو لە هزری منداڵ.

سەبارەت بە ململانێی ناو دەق لە نمایشی شانۆی دەبێ ((لایەنی خراپە بەسەر چاکە سەربکەوێت بەبێ تێکەڵ بوونی نووسەر چونکە لە ئەنجامی ململانێ ئامانجی فکری بەدەست دەهێنرێت )) وا لە منداڵ دەکات بڕیاری راست و دروست لەسەر لایەنەکان بدات هەموو ئەمانەش بە پشت بەستن بە رووداوی سەرەکی شانۆیەکە دروست دەبێ. وە دوای نووسەر ئەرکەکە دەکەوێتە سەر دەرهێنەر کە پەیام مەبەست و مامڵانێیەکە بە ئاتنرین رێگا لە نمایشەکە دەربخات (ئەلیاس کامران حاجی ، ٢٠١١:ل ٥٨).

**2-3 پێکاتەی شانۆی منداڵان لە ڕووی نمایش :**

بەر لەوەی باسی نمایشی شانۆی مناڵان بکەین، دەبێ بزانین یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکان، راهێنەر یاخود دەرهێنەری شانۆی منداڵانە، بۆ لە ئەستۆ گرتنی تەواوی کارە شانۆیەکە لە سەرەتاوە تا تەواو کردن و پێگەیشتنی کارەکە، دەرهێنەر بەرپرسی یەکەمی کارەکەیە. ئەمەش بە هاوکاری (جلو بەرگ و میوزیک و گۆرانی و ریتم و جوڵە و کارتێکەرە دەنگییەکانە) کە بە بەشێکی گرنگ و پێویستی نمایش دادەنرێن، بە تایبەت لە شانۆی منداڵان بۆیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارانە دەبێ رۆڵی مناڵ لەبیر نەکرێت، چونکە شانۆی مناڵ خۆی هەڵگری بەهای پەروەردەیی و فێرکاری و هونەری و جوانیە لێرەدا پێکهاتەکانی نمایشی شانۆی منداڵان دەخەینە روو :

**یەکەم: دەق**

یەکەم رەگەزی نمایشی شانۆییە، دروستکەر و رێنیشاندەری یەکەمی دەرهێنەرە نووسەر بە شێوەیەکی راستوخۆ لە نمایش بەشدار نیە، بەڵام نەخشە دانەری تەواوی بابەت و نمایشەکەیە لە رووی ئەدەبیەوە، بۆیە ئەمەش کارێکی ئاسان نیە بە تایبەت بۆ دونیای منداڵان کە پێویستە رەچاوی هەست و سۆز و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی منداڵ بکرێت پێویستە نووسەر ((زانیاری دەربارەی رەفتارو ئاکار و دەروونی منداڵ هەبێت تا بتوانێت لەرێگەی نووسینەکەیەوە، منداڵ ئاراستە بکات)) (علی، ٢٠١٦: ٤٠٠). لە دەقی شانۆی منداڵان پێویستە بەر لە هەموو شتێک گەیاندنی ئامانجە پەروەردەییەکان بێت ئەمەش تەنیا بە لایەنی ژێر و هەست ناگرێتەوە بەڵکو دەبێ چێژ هۆشیش وبەشدار بن نووسەری شانۆی منداڵان دەبێ دەبێ گرنگی بەو بابەتانە بدات کە ئاستەی تێگەیشتن و مەعریفی منداڵ بەرز دەکاتەوە بەرەو رەفتاری دروستی دەبات و وا لە منداڵ دەکا بڕیاری دروست بدات، ((هەروەها پێویستە بابەتەکە پەیوەندار بێت بەو بیرو باوەڕانەی کەهەڵیگرتوە وەک بیر و بۆچوونی کەسێتییەکان و رۆشنبیری گشتی جڤات)) (قەرەداغی، ٢٠١١: ٢٩٩). دەبێ بە وردی کار لەسەر دەروونی منداڵ بکات وە گرنگی زۆری پێبدات، لەدەق چەند ڕەوشتی باش و ئاکاری بەرز و چێژو خۆشی گرنگە، گرنگتریش لەوانە زیادەرۆیی نەکردنی نوسەرە لە بابەتی توندو تیژی و ترس و زەبر و زەنگ، چونکە دونیای منداڵ زۆر پاک و سادەیە دەبێت بە پێی ئاستی تێگەیشتنی ئەوان لایەنی (چاکە و خراپە) لە ململانێی و کێشمەکێشم یەکلا ببێتەوە هەموو کاتیش اکە بەسەر خراپە سەربکەوێت .

**دووەم: ئەکتەر**

((ئەکتەر بە درێژایی مێژوو سەرەکی ترین رەگەزی نمایشی شانۆیی بووە چونکە تاکە رەگەزە، بەبێ ئەو نمایش پێک نایەت )) ( علی، ٢٠١٦: ٤٠٤)، لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی نمایشی شانۆ لە لایەن ئەکتەر و نواندنەوە دەستی پێکردووە پێش پەیدابوونی تێکست و دەقی شانۆیش، جیهانی منداڵانیش وایە هەر لە سەرەتاکانی تەمەنییدا بە بینین و بیستن و جوڵە دەست پێدەکات ئینجا نوسین و خوێندنەوە، لە جیهانی منداڵدا وێنە گرنگترین هۆکاری تێگەیشتنە، نواندن واتە بەرجەستکردنی وێنەیکەی زیندووی کەسایەتی ناو

دەقی شانۆیەکە لەرێگەی جووڵە و جەستە و هەست و بیرو خەیاڵەوە کە بە تەواوی دەچێتە ناو قاڵب و ئاکارو خورەوشتی کەسایەتیەکە، هەروەها (ئەحمد سالار) لە کتێبی ونەکانی هونەری نواندان دەڵێت: ئەکتەر دوو زمانی هەیە، زمانێ کە بە دەنگ ئەدوێ و زمانێ بە جەستە ئەدوێ ئەبێ هەردوو زمان لە ئاخاوتن و دەربڕینا هاوتا بە (سالار، ١٦٧:٢٠١٠).

کۆنفۆشیوسی دانای مەزنی وڵاتی چین دەڵێ: ((بۆم باس بکە، پاشان بیرم دەچێتەوە، پیشانم بدە رەنگە بیرم نەچێتەوە، بەشداریم پێبکە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە)) (جاف ,2022 ژ 16 ). کەواتە بۆ قسە کردن لەسەر شانۆی منداڵ پێویستە بەر لە هەموو شتێک باس لە گرنگی هونەری نواندن بکەین، بەر لەتێکست و شانۆ و هونەریش منداڵ لەسەرەتاکانی تەمەنی کاتێ یاری دەکات دەست بە لاساییکردنەوەی گەورەکان دەکات کە ئەمە خۆی نواندنە، هونەری نواندن کاری ئەکتەرە و بەرجەستە کردنی رۆڵێکی کەسایەتی ناو دەقی شانۆکەیە، نواندن پێک دێت لە بەکارهێنانی دەنگ و جەستە و ئاماژەکانی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ، نواندن لە شانۆی منداڵ پێویستی بە ئەکتەرێکی زیرەک و لێهاتوو هەیە کە بە باشی شارەزایی هەست و دەرونی منداڵ بێت و لێکدانەوە بۆ ئەو جووڵە و هەڵسوکەوت و دیالۆگانە بکات کە لە ناو نمایشێکی شانۆیی منداڵاندا بەکاردەهێنێت بەدوور بێت لە (هاوار و گریانی زۆرو جووڵەی نەشیاو ئازاردان )، دەبێ ئەوە بزانێ کە ئامانجی شانۆیی منداڵان جگە لە ئامانجی پەروەردەی بەخشینی چێژە و یارییە، ((منداڵ باشترە قسەی بە بکرێت و جا هاورێ یان هاوشێوەکان، چونکە منداڵەکە لە رووی دەروونییەوە نزیکتردەبێت لە وەرگرتنی دەستەواژەکە لە هاورێ یا نزیکێکی)) (، مروان، ٢٠١٥: ٨٠) بۆیە لەسەر ئەکتەر پێویستە لەگەڵ تایبەتمەندی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەردا بگونجێت لە مانای مامەڵە کردنی هەمە جۆری کەسایەتییەکان تێبگەن.

**سێ یەم : دەرهێنان**

((لەچاو رەگەزەکانی دیکەی نمایشی شانۆییدا، دەرهێنان نوێترینیانە )) (علی، ٢٠١٦: ٤٠٧). پرۆسەی دەرهێنان نوسینەوەی دووەمی تێکستە کاتێ نوسەرێک دەقێک دەنووسێ دەرهێنەر کاتێ ئیشی لەسەر دەکات لە فەزاییەکی فراوانتر دەیخاتە فۆرمێکی بەرجەستە کراو زیندووی دەکاتەوە. لە سەرەتاکانی سەر هەڵدانی شانۆ نوسەرەکان خۆیان کاری دەرهێنان و بگرە نواندنیشیان بۆ کارەکانیان دەکرد ((بەر لە شانۆیی رێژیسور شانۆ بە پلەی یەکەم شانۆی نووسەر بوو بۆیە دەگوترا شانۆی سۆفۆکلیس شانۆی شکسپیر شانۆی مۆلییر )).( جاف ، ٢٠٠٨: ٢١). تا لە سەدەی هەژدە ئەرکی نووسەرو دەرهێنەر جیابوەوە و بۆیە دونیایی دەرهێنەر بڵاوتر و چوار چێوەی کارەکەشی فراوانتر دەبێت، وەک ئەو شێوە ئاساییەی ئێستا ئەرکی تەواوی شانۆکە لە ئەستۆی دەرهێنەرە لە رووی پێکهاتەکانی نمایشەوە، دەرهێنەر لە شانۆی منداڵانیش هەڵگری پەیام ئامانجی مەبەستدارە و کاردەکات بۆ دروست کردنی دونیایەکی رەنگاورەنگ و خولقاندنی کەشێکی ئارام و سوود بەخش بۆ منداڵان، دروست کردنی ئەم دونیایەش پێویستی بە دید و بیر خەیاڵێکی فراوانی دەرهێنەر هەیە چونکە ((دەرهێنەر چەندە شارەزا و لێهاتوو بێت ئەوەندە نمایشەکە مەبەستدار و گونجاو و سەرکەوتو دەبێت بۆ دونیای منداڵان دەرهێنەر رۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی جل و بەرگی هەر ئەکتەرێک بە جۆرێك بگونجێت لەگەڵ ئاکاری کەسایەتییەکە و ئەو رۆڵەی کە دەیگێرێت، بۆ نموونە جلوبەرگی (مهرج) ، جلوبەرگێکی تر بۆ فەرمانگەیەك و جۆرێکی تر بۆ موختاری گوند و بەو جۆرە، هەروەها جلوبەرگ هەیە بەگوێرەی شوێن دەگۆڕێت وەکو جلوبەرگی فیرعەونیی یان جلوبەرگی جەنگیی وە یان جلوبەرگی شایی و ئاهەنگ گێڕان و زۆری تریش. بۆیە سیستەمی جلوبەرگ یەکێکە لەکارتێکەرە بینراوەکان لە نواندنی شانۆییدا کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە ئەکتەرەوە هەیە)) ( عوسمان،2012،ل28) لەبەرئەوەی جلوبەرگ و ئەکتەر پەیوەندیەکی راستەوخۆی پتەویان بەیەکەوە هەیە، جلوبەرگ بەهایەکی بەرزی هەیە لە دەرخستنی توانای ئەکتەر و جووڵەکانی و دیاریکردنی دەربڕینەکانی و پلە وپایەی،(( لەبەر ئەوە جلوبەرگ بە پلەی دووەم دێت لە دوای ئەکتەر لەگرنگیی و بایەخدا و بەوەرگێڕی تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی دەرهێنەر دائەنرێت بۆ واقیعێکی بینراو، هەروەها هەڵبژاردنی جلوبەرگیشە کەسایەتیی ئەنوێنێت و مەبەستەکانی و ئاراستەی بیرکردنەوەی روون دەکاتەوە)) (فرانك، ١٩٧٠: ٢٦٧). کەواتە کاری دەرهێنان لە نمایشی شانۆی منداڵان تەنیا گواستنەوەی دەق نیە بۆ سەر شانۆ، بەڵکو کاری کۆکردنەوەی توخمەکانە وە بەستنەوەیان بە یەکتری نیشاندانی وێنەیەکی زیندووی بەرجەستە کراوە کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر بیر و بۆچوون و بیرکردنەوەی منداڵ دروست بکات و تاکێکی خاوەن بڕیاری تێگەیشتوو پێشکەش بە کۆمەڵگە بکات. (عبدالحمید، ٢٠٠٥: ٨).

**چوارەم : سینۆگرافیا (تەکنیکی نمایش )**

((سینۆگرافیا هونەری هەماهەنگی کردنی پانتاییە، یان رێکخستنی نێوان پانتایی و نمایشی شانۆییە کە ئەویش خۆی لە خۆیدا پێکهێنەری ئەو چوار چێوەیەیە کە رووداوەکان لە خۆ دەگرێت)) (ئەسعەد، ٢٠١٩: ١٣)، ئەگەر سەرنجی ئەو پێناسەیە بدەین دەبینین بوار بە هیچ پێکهاتەیەک نەدراوە بە تایبەت خۆی بە ناوی سینۆ گرافیاوە هەڵبواسێ بەڵکو تەواوی تەکنیکەکانی سەر تەختەی شانۆی لە خۆ گرتووە، سینۆگرافیا بە رەگەزێکی گرنگی و مۆدێرنی شانۆ و بە تایبەت شانۆی منداڵان دادەنرێت، هەریەک لە

پێکهاتەکانی سینۆگرافیاش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە نمایش و بە نەبوونی یە کێکیان ئەوەی تریش ناتەواوە کە واتە رەگەزەکانی دیکۆر و جل و بەرگ و ماکیاژ و رووناکی و میوزیک ...... چونکە یارمەتی دەری سەرەکین بۆ بەرەو پێش چوون و دەست نیشان کردنی فەزای گشتی تەواوی بارودۆخی نمایشەکە ((مایەر هۆلد پێشبینی ئەوەی دەکرد کە شانۆ لە داهاتوودا دەبێ بە شانۆی سینۆگراف) ) (فازڵ جاف، ۲۰۰۸: ۲۱).

**دیکۆر لە شانۆی منداڵ:**

دیکۆر پێکهاتەیەکی گرنگی شانۆ پێک دەهێنێت، دیکۆر کاریگەری راستەوخۆ لەسەر دروست کردنی فەزا و بیر و ئەندێشەی مرۆڤ دەکات، بەتایبەت لە شانۆی منداڵان چونکە جیهانی منداڵ دەوڵەمەندە لە خەون و خەیاڵ، ((دیکۆر گرنگی تایبەتی هەیە لەشانۆی منداڵ چونکە هەست بە شوێن و کات و باردۆخی شانۆکە دەکرێت، ئەمەش پێویستی بە جۆری بابەت و بەکارهێنانی رەنگەکان و دیزاینی سەرنجراکێشی سادە هەیە کە منداڵ تووشی بیرکردنەوەی قووڵ نەکا ))(مودناه، ۲۰۱۵: ۸۵)، هەر بۆیە دەرهێنەری سەرکەوتوو لەگەڵ نەخشە دانەری دیکۆر دەبێ بە وردی کار لەسەر کەرەستەکانی سەرتەختەی شانۆ بکەن، ((دیکۆر لە شانۆی منداڵ رۆڵێکی گرنگە دەگێرێت لە دروستکردنی کەشی گشتی ڕونکردنەوەی بیرۆکەی نمایش بۆیە دەبێ کەرەستەکان ئاسن و سادە بن توانای گوزارشتکردن و ئیستاتیکاوە گونجاوبێت))( قەرەداغی ، ۲۰۱۱: ۳۲۵)، بۆیە ئەرکە دەرهێنەرە گرنگی بە هەموو لایەن و توخمەکانی شانۆ بدات چونکە منداڵ توانی ژماردن و جیاکردنەوە و لێکدانەوەی شتەکانی دەوروبەری هەیە رەنگ و شێوازی دیکۆر و کەرستکان لەسەر تەختەی شانۆ کاریگەری راستەوخۆ دەکەنە سەر بیرکرنەوە یارمەتی دەری سەرەکی دەبێت بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەی شانۆکە.

**جلو بەرگ:**

جلو بەرگ پێکهاتەیەکی گرنگی توخمە مادییەکانی سەر تەختەی شانۆیە کە ئەکتەر دەیپۆشێت، ئەوەی زۆر گرنگە بوونی هەماهەنگی و پەیوەندییەکی پتەوە لەنێوان دیکۆر و جلوبەرگ و رووناکی لەڕووی رەنگەوە بەکارهێناوە جلوبەرگ بۆ ناسینەوەی کەسایەتیەکانی سەر تەختەی شانۆ بۆ جیهانی منداڵان زۆر گرنگە، چونکە لەرێگەی جلوبەرگەوە کەسایەتییەکان لەڕووی کۆمەلایەتی و کار و پیشە و لایەنی باش و خراپی کارئەکتەرەکە دیاری دەکرێت، ((جلو بەرگ زمانە، چونکە هەڵگری ئاماژەیە بۆ پلە و پایەی سیاسی کۆمەڵایەتی سایکۆلۆژی ئابوری چینایەتی)) (قەرەداغی، ۲۰۱۱: ۳۲۵)، کەواتە لەرێگەی جلوبەرگەوە ئاماژە بۆ تەمەن و پایە و پۆستی کۆمەڵایەتی و هەروەها زانیاری تەواومان لە کەسایەتییەکە دەست بکەوێت هەروها دیاری کردنی سەردەم و کات و شوێنی شانۆکەیە .

**ماکیاژ و دەمامک:**

بەکارهێنانی ماکیاژ و دەمامک لە شانۆدا بە تایبەتی لە شانۆی منداڵ گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە بە نەبون یا گرنگی نەدان بە هەریەکێک لەو پێکهاتانەی سەر تەختەی شانۆ لاسەنگ و ناتەواو دەبێت، چونکە دەبێ ئەوە بزانین کە کارەکە بۆ منداڵە بیر و هزی منداڵ هیچ شتێک بە کەموکوڕی سەرنجی راناکێشێت لە خەیاڵی نامێنێتەوە( (هەربۆیە پێویستە مکیاژ و ماسک بەپێی سروشت و پێویستی کەسێتیەکە دروست بکرێت و گوزارشت لە کەسێتیەکە بکات، نابێ ترسناک بێت بۆ مناڵ) )قەرەداغی ، ۲۰۱۱: ۳۲٦). هەربۆیە ماسک لە شانۆی منداڵ گرنگی خۆی هەیە جا چ ماسکی ئاژەڵان یان باڵندە یان کەسایەتییەکان کە لە ئەندێشە و هزری خۆیان دایاناوە، بەڵام ترسناک نەبێت، چونکە ماسک و ماکیاژ دەبنە دەرخەری سیما و رووکەشی دەرەوەی کەسایەتی شانۆکە کە بە هۆیەوە گوزارشت لە ناخ و جۆر و خورەوشتی کارەکتەرەکە دەکات و بۆ بینەر ئاسانتر دەبێت.

**ڕووناکی:**

روناکیش یەکێکە لەو پێکهاتانەی رۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە لە شانۆی منداڵان، ئەمەش ئەرکی سەرەکی دەرهێنەرە کە هەماهەنگی لەنێوان روناکی و رەنگی هەموو کەرەستەکانی سەر تەختەی شانۆ دروست بکات، ((رووناکی لە شانۆی منداڵ دەبێ بەشێوەیەکی تەندروست بەکاربێت، بورهان قەرەداغی لە کتێبی شانۆی منال دەڵێ: (رووناکی شانۆیی بە تەنها کاری روناککردنەوەی سەرتەختەی شانۆ نییە تا بینەران ئەونە ببینێت کە لەسەر شانۆ روودەدەن، بەڵکو رۆڵی زۆر لەوە زیاترە دەرخستنی خۆرئاوابوون و شەو خۆرهەڵاتن و چێژ وەرگرتنە لە رووی رونکی و رەنگ )) (قەرەداغی، ۲۰۱۱: ۳۲۷).

ئەمەش بە تەنیا بە رووناکی ناکرێت بەڵکو بە یارمەتی هەموو پێک هاتەکانی ترە کە لە رێگەی دەرهێنەرەوە کەسێکی پسپور کاری بۆ بکات و گرنگی بە بابەتی شانۆ و جۆری شانۆکە و بەکارهێنانی رەنگەکانیش بکات رەنگەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێرن لەسەر کاریگەری خستنە سەر دەروونی مرۆڤەوە بەو پێیەی هەمەرەنگە و هێما و مانای تایبەت بەخۆی هەیە، هەربۆیە رەنگەکان وەک زمانن هەر رەنگێک ئاماژەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە:

(( سوور: زیندوویی، جووڵانەوە درەوشانەوە چالاکی

پرتەقاڵی: بۆ ئاماژەدان بە گەرمی ئاسوودەیی دەروون

زەرد: بۆ نیشان دانی تیشکی خۆر و چێژ، تۆێکی فیکری فەلسەفییە.

سەوز: هێمایە بۆ سروشت، ئاسوودەیی، لەسەر خۆیی و متمانە.

شین: هێمای ئاسمان و ئاو خەیاڵ و هەست کردن بە ئارامی.

سپی: رەنگی پاکی و هێمنی.

رەنگە هێمنەکان: بەکاردێن لە فۆرمێکی تێکەڵ بۆ بەدەست هێنانی دیمەنێکی چێژبەخش و واتاداری هونەری بەرز)) (مودناە، ٢٠١٥: ١١٩).

**میوزیک و گۆرانی:**

**میوزیک:**

ئاشکرایە پەیوەندی نێوان شانۆ و میوزیک پەیوەندییەکی پتەو لێکدانەبڕاوە بە پێکهاتەیەکی گرنگ و لێکدانەبڕاوی نمایشی شانۆیی دادەنرێت، بەتایبەت شانۆی منداڵان چونکە میوزیک کاریگەری قووڵی لەسەر پەروەردە کردنی هەست و دەروونی منداڵ هەیە، ئەم پەیوەندییەش مێژوویەکی دێرین بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ((شانۆ و میوزیک پەیوەندییەکەیان لە نەریتە ئایینیە سەرەتاییەکان کە تێیدا میوزیک تێکەڵ بە ووشە و سەما و چیرۆکبێژی ئەم پەیوەندیەش تەنها لە شانۆیی یۆنانی کۆن یان رۆژئاوایی هاوچەرخ نیە، بەڵکو لە نەریتە شانۆییە جۆربە جۆرەکانە لە جیهاندا)) (بختی ، ٢٠١٥: ٥٥ ).

**گۆرانی:**

گۆرانی بە گرنگترین پێکهاتەی نمایشی شانۆی منداڵان دادەنرێت، چونکە کاریگەری زۆر لە سەر تێگەیشتن و هزرو بیری منداڵ دروست دەکات، یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی ئامانج و پەیامی ناوەرۆکی شانۆکە هەم شادی بەخش بێت هەم وا دەکات منداڵ چێژ وەرگربگرێت و هەست بە بێزاری نەکات بەو مەرجەی ووشەکان ئاسان و کورت بن و واتاداربن و ئامانجی پەروەردەی بێت بۆ منداڵان و لە خزمەتی ناوەرۆکی بابەتی شانۆکە بگونجێت. ((بۆیە وابە باش دەزانرێت کە گۆرانی لە سەرەتاو ناوەراست و کۆتاییدا دابنرێت))( قەرەداغی، ٢٠١١: ٣٣١) وە ئەوەی وا دەکات زیاتر کاریگەر بێت زیندووی و بەشداری پێکردنی بینەرانە کە بینەریش دەبێتە بەشێکی گرنگی نمایشەکە و بۆ چەند سائێک هەست بە چێژ وەرگرتن دەکات بە تایبەت منداڵان.

**نیشانەکانی چوارچێوەی تیۆری :**

- پرۆگرامی پێداگۆجی یارمەتیدەرە لە بەدیهێنانی بنەما پەروەردەییەکان لە ناو نمایشی شانۆی منداڵان
- جۆرەکانی شانۆی منداڵان هۆکارە بۆ ژینگە پارێزی و رێزگرتن و سەرروەتی نیشتمانی
- زانیاری بە منداڵ دەبەخشێت لە لایەنی مێژویی بۆنە نەتەوەیەکان
- پارێزەری کلتور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و ئایینی و نیشتمانیەکانە
- پێداگۆجی نوێ تۆخ کردنەوەی پەیوەندی فێرخواز و مامۆستایە لەسەر بنەمای رێز
- کاردەکات بۆ دەربرین و قبوڵ کردنی بیر ڕایی جیاواز بە پێی جیاوازی ئاستی فێربوون
-بەکارهێنانی شێوازی درامی لە پۆل بە یارمەتی جلو بەرگ و میوزیک و پێکهاتەکانی تر زانیارییەکان لە هزری فێرخواز دەمێنێتەوە .
- رۆڵگیران ئاوێتە بوون لە وانەو وەرگرتنی زانیارەکان دروست دەکات داهێنان لای منداڵ دروست دەکات .
- فەزای گشتی وەک سینۆگرافیا و جل بەرگ و ماکیاژ ...... هتد یارمەتی دەری گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

**4- رێکارەکانی توێژینەوە**

**کۆمەلگەیی توێژینەوە**

کۆمەلگەیی توێژینەوە پێکدێت لە وەرگرتنی نمایشێکی شانۆیی منداڵان کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە پارێزگای (سلێمانی ) . شیکردنەوەی نمونەکە هاوتەریبە لەگەڵ گرنگترین نیشانەکانی چوارچێوەی تیۆری .

**نمونەیی توێژینەوە :**

بۆهەڵبژاردنی نمونەیی توێژینەوە توێژەر بە شێوەیەکە هەرەمەکی شانۆیی منداڵانی (کورە دارینە)هەلبژاردوە و شیکردنەوەی بۆنمایشەکە کردوە رۆڵی پەروەردەو پێداگۆجی دیاریکردوە .

**ئامرازی توێژینەوە :**

ئامرازەکانی توێژینەوە لەو خاڵانەی خوارەوە پێک هاتوو:

1- بینینی نمایشە شانۆییەکە لە رێگای ڤیدیۆ (CD)

2- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ دەرهێنەری نمایشە شانۆکە

3- وێنە و پرۆگرام و ئەرشیف و بەڵگەنامە لەسەر نمایشەکە

**میتۆدی توێژینەوە :**

توێژەر لەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە میتۆدی (وەسفی شیکاریی ) بۆ شیکردنەوەی نمایشە شانۆکە و دیاریکردنی ئەرکە پێداگۆجییەکان تێیدا , بۆیە ئەم میتۆدە هاوکار و رێگا نیشاندەرێکی گونجاوە بۆ گەیشتن بە چارەسەری گرفتی توێژینەوەکە .

**کورتەی چیرۆک:**

دەقی شانۆکە لە دوانزە کەسایەتی پێک هاتووە کەسایەتی پیاوێکی داربڕو ژنەکەی لە ماڵ کۆلکە دارێکی گەورەی کۆنیان هەیە, کە ژنەکە بێزارە لێی بە پیاوەکە دەڵێت با فرێی بدەین بەڵام پیا وەکە دەڵێت بە کەڵکی شتێک دێت بۆیە بڕیار دەدات کورە دارەکە پارچە پارچە بکات تا زستان بیسوتێنن , بەڵام هەر تەورەکە بەرز دەکاتەوە دەنگی منداڵێک دێت و قسە دەکات تا کورەکە نەشکێنێت ژنەکەو پیاوەکە بە سەرسوڕمانەوە لە کورەکە نزیک دەبنەوە تا بزانن چیە دەبینن منداڵێکە تێدایە یارمەتی دەدەن تا بێتە دەرەوە بۆیە کورێکە دارینەی لێدێتە دەرەوە، بەڵام زۆر هارو بێعارە تەواوی ماڵی ئەم ژن و پیاوە تێکدەدات چەند جارێکیش ڕادەکات و دەگەرێتەوە، بەڵام پیاوەکە بەزەیی پێدا دێتەوە و لای خۆی دەیهێڵێتەوە کورە دارینە بە باوکە بانگی پیاوەکە دەکات و دەڵێت حەزم لێیە ببمە ئینسان و لە قوتابخانە بخوێنم بۆیە پیاوەکە بڕیار دەدات تەورەکەی بفرۆشێت و کتێب بۆ دارا بکرێت تا بچێتە بەر خوێندن دارا لە گەڵ منداڵانی گەرەک دەچن بۆسەیری شانۆی بووکەڵە بەڵام لەبەر ئەوەی پارەی پێنیە ناتوانێ بچێتە ژوورەوە بۆیە بە ناچاری کتێبەکە دەدات بە پیاوی شانۆکە لە جیاتی پارە , کاتێ پیاوی شانۆکە دەزانێت کە کوری هەژارە کتێبەکی بۆ دەگەرێنێتەوەو پێنج دیناریش دەدات بە دارا , بەڵام لە رێگەی گەڕانەوە پشیلە و رێوی فێلبازی لێ پەیدا دەبێت و فێڵی لێدەکەن و پارەکەی لێ دەبەن . بەلای ماڵی شوانێک دادێت کە مریشکەکانی دزراون و نازانێ کی دزویەتی بۆیە دارا بە تەڵەوە دەبێت و کاکی شوان وا دەزانێت دارا مریشکەکانی دزیوون بۆیە لە جێگای سەگی پاسەوان دارا دەکاتە پاسەوانی مریشکەکان دارا خۆی دەخەوێنێت سەیر دەکات درەنگانی شەو پشیلەی فێڵباز دێت تا مریشکی تر بخوات و بە دارا دەڵێت تۆش وەک من برسی با رێک بکەون من لەگەڵ سەگە بۆر رێک کەوتبووم شەوانە سێ مریشکی دەدامێ داراش دەڵێ باشە برۆ کولانەکە مریشک بێنە کاتێ دەچێتە کولانەکە دەرگا لەسەر پشیلەکە دادەخات و دەستگیری دەکات . شوانەکەش دارا ئازاد دەکات دارا بەردەوام حەز دەکات ببێتە مرۆڤێکی ئاسایی بۆیە لە گەڵ منداڵانی گەرەک دەچێتە کۆلان تا یاری بکات بەڵام ئەوان شەڕی پێ دەفرۆشن و یارمەتی نادەن جگە لە یەکێکیان بۆیە منداڵەکان لەگەڵ پیاوێک یاری دەکەن و بەلێنی چوونە شاری یارییان پێدەدات و هەموویان دەستگیر دەکات جگە لە داراو هاوڕێکەی بۆیە لەو کاتە باوکی دارا دێت و داراش داوا لە باوکی دەکات تا بچن منداڵەکان رزگار بکەن بۆیە بە دزیەوە دەستی منداڵەکان دەکەنەوە و هەر کە پیاوە فێڵ بازەکە هاتەوە هێرش دەکەنە سەری و ڕاوی دەنێنن بۆیە باوکی دارا ئامۆژگارییان دەکات کە بچنە قوتابخانەو لە کۆڵان و کەسی نەناسراو دوربکەونەوەو داراش ئاواتی هاتە دی و چووە بەر خوێندن لە گەڵ هاوڕێکانی.

**شی کردنەوەی دەق :**

بابەتی سەرەکی و بیرۆکەی دەقی شانۆکە باس لە گرنگی و سوودی فێرگە دەکات ,بۆ منداڵان و هەوڵ دەدا وێنای فێرگە جوان و سود بەخش نیشان بدات لای منداڵان ئەمە جگە لەوەی کە گیانی یارمەتی و تەبایی و هاوکاری نیشان دەدات هانی منداڵ دەدات لە کۆلان شتی بێسوود دوربکەونەوەو بخوێنن ئەمەش لە دیالۆگەکانی کورە دارینەو باوکی بە روونی دەردەکەوێت .

1- شێوازی دەرهێنان و نواندن لە شانۆیی (کوڕە دارینە ) زۆر بەوردی و هونەرییانە کاری لەسەر کراوە بە جۆرێک لە پەیوەندی و جووڵەی ئەکتەرانی سەر تەختەی شانۆ ئەوە بە ئاسانی دەبینرا ئەکتەرەکان بە قووڵایی و راستگۆیەکی زۆرەوە تێکەڵی کەسایەتەییەکەی ببوون پەیوەندی و تەنسیقێکی جوان لەنێوانیان هەبوو وەک واقعی رۆژانە هەڵسو کەوتیان دەکرد ئەمەش بۆ

هەماهەنگی و دڵسۆزی دەرهێنەر دەگەڕێتەوە لە کاتی پرۆڤەو گەیاندنی پەیامەکە بە دروستی بۆ ئەکتەران دەرهێنەر هەوڵی دابوو دیمەنی نواندن لە هەموو گۆشەکانی سەر تەختەی شانۆ بەکاربهێنێت دەنگ و دیالۆگ و جوڵەو نواندن هەماهەنگیەکی جوانی نمایشەکەیان پێک هێنابوو.

2- شێوازی بەکارهێنانی سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆیی (کوڕە دارینە) سینۆگرافیا لە ناوەرۆکی , بابەتەکەوە دروست دەبێت دەرهێنەر هەوڵی دابوو کار لەسەر هەموو لایەنەکانی سینۆگرافیا بکات بەکارهێنانی هەموو گۆشەکانی سەرتەختەی شانۆ دروست کردنی بەرزایی و نیشان دانی لانەی باڵندان و بەکارهێنانی ڕەنگی جوان و سەرنج ڕاکێش تەواو گوزارشتی لە چیرۆک و ڕووداوی شانۆکە دەکرد ڕووناکی بەشێوەی بەعد بەکارهاتبوو کە کاتێ ئەکتەر ڕووناکی دەکەوتە سەر سەرنج تەنیا لا ئەکتەر کۆدەبۆوە وە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی سەردەم وەک شاشە کە بەردەوامی بە دیمەنەکان دەدا بووە خاڵێکی سەرنج ڕاکێش وتازەگەریی کە زیاتر هەست بە واقعی کارەکە بکەین . ڕەنگ و دەنگ و کەلە پەلەکان کاریان پێکرابوو بە شێوەیەکی هونەری جوان .

لەگەڵ دەست پێکی نمایش پیاوە دار بڕەکەو خێزانەکەی گفت و گۆیانە لەسەر فرێ دانی ئەو کۆلکە دارە کە ئەوەیان پەیامێکی کلتورە لەخۆ گرتووە بۆ پاراستی ئامێرو کالو پەلە کلتورییەکان و پارێزگاری لێکردنیان بە گرنگ سەیر کردنیان وەک لە دیالۆگەکان دیارە :

پیاو: ئافرەت وەرە یارمەتیم بدە با ئەو کۆلکە دارە هەڵگرین .

ژن: ئۆۆۆ هۆۆۆ دیسان ئەو کۆلکە دارە نەبڕایەوە توخوا بۆ فرێی نادەی بە کەڵکە چی دێت ؟

پیاو : ئافرەت چۆن فرێی بدەم بەکەڵکی شتێک هەر دێت .

لێرەدا گرنگی پاراستن و گرنگی دان بە کەلوپەلە کلتورییەکان گرنگی خۆیان هەیە و ئەوەمان نیشان دەدا کە پێویستە لەسەرمان پارێزگاری لە داب و نەریت و کلتەری وولاتەکەمان بکەین و لە فەوتان بیانپارێزین .

دواتر باس لە بابەتی سەرەکی نمایشەکە دەکات کە خۆشەویستی و ئارەزووی زۆری منداڵە بۆچوونی بۆ قوتابخانە بە هاوکاری و پاڵپشتی خێزان کە لە دیالۆگەکانی کورە دارینەو پیاوەکە دەردەکەوێت :

باوک : کورم تۆ بۆ وا هارو هاجی بۆ ئەوەندە زیان بە ماڵ دەگەیەنیت ؟

کورە دارینە: من بە مەرجێ ئاقڵ دەبم و لە قسەتان دەرناچم

باوک: چ مەرجێک ؟

کوڕە دارینە : باوکە زۆر حەز دەکەم بچمە بەر خوێندن و فێرە خوێندەواری ببم . ئەگەر بچمە قوتابخانە بەڵێن دەدەم زۆر ئاقڵ ببم ؟

باوک :ئاخر کورم تۆ مرۆڤێکی ئاسایی نی تۆ کورە دارینەی دواتر من پارەم نیە کتێبت بۆ بکڕم

کورە دارینە:( دەگریا) زۆر حەز دەکەم ببمە مرۆڤێکی ئاسایی و بتوانم بخوێنم

باوک :( ماچی دەکات ) باشە کورە خۆم تەورەکەم دەفرۆشم کتێبت بۆ دەکڕم

لێرەدا گیانی خۆبەخت کردن و دڵسۆزی باوکێک نیشان دەدات کە ئامادەیە تەورەکەی کاری رۆژانەی پێدەکات بیفرۆشێت تا کورەکەی بخوێنێت و نیشان دانی منداڵ کە حەزی لە خوێندن و فێربوونە باوک و دایک میهرەبانن ئامادەی هەموو شتێکن کە منداڵەکانیان دڵخۆش بکات .

لێرەدا نووسەر زۆر لایەنی پەروەردەی بەکارهێناوە وەک ئامۆژگارییەک بۆ منداڵان کە دوور بکەونەوە لە کۆڵان و فێرە خوێندن ببن لە لایەکی تر دەرهێنەری شانۆکە بە وردی کاری لەسەر تەکنیک و تەکنەلۆژیای سەردەم کردوە بە نیشان دانی چەندین دیمەنی شەقام و ژیانی رۆژانە لە رێگەی بەکارهێنانی شاشەوە کە دیمەنەکان دەقاو دەق لە ژیانی ڕاستە قینە وەرگیراون و لە رێگەی شاشەیەک تێکەڵی نمایشی سەر شانۆ دەکرێت کە بینەر هەست بە زیندووی و سروشتی لە کارەکە دەکات هەم بینەر کە منداڵە زۆر بە ڕوونی و ئاسانی لە بابەتەکان تێدەگات . نیشان دانی کەسایەتی باش و خراپ لە دەق و نمایش. دەرهێنەروەک پێداگۆگێک لەرێگەی ناساندنی کەسایەتی و شێوەو بەکارهێنانی جل و بەرگ و دیالۆگ و جۆری نواندنەوە کەسایەتیەکان دیاری دەکات بۆ نموونە بەکارهێنانی دوو ئاژەڵی وەک رێوی و پشیلە کە لای منداڵ ڕوونە کە فێڵبازن بۆیە بەکارهێنانی ئەو کەسایەتیە وا دەکات بینەر کە منداڵە زووتر بۆ راستی بابەتەکە بچێت و بە ئاسانی لە دیالۆگ و نیەتی کارەکتەرەکە تێبگات ئەوەی زۆر گرنگی پێدرابوو بوونی گۆرانی بوو لەو نمایشە کەدەرهێنەر کاری لەسەر کردوە بۆ پێدانی چەند ساتێکی چێژ بەخش بۆ منداڵان , هەروەها دەرهێنەر زۆر بە وردی کاری لەسەر جووڵەو نواندنی ئەکتەرەکان کردوە بۆ کردنەوەی گرێ و ململانێی ناو دەقی دراماکە پشتی بە شێوازو چارەسەرییە پێداگۆجییەکان بەستووە لە چۆنیەتی گەیشتن بە چارەسەری کرداری بۆ گرێی چیرۆکەکە . بۆ نموونە شێوازی

پێداگۆجی پرۆژەی بەکارهێناوە وەک کارکردنی بە کۆمەڵ و چارەسەری بە کۆمەڵ بۆیەک بابەتی دیاریکراو ئەویش (فێڵکردنی پیاوەکە لە کۆمەڵێک منداڵ و دوور خستنەوەیان لە فێرگە چارەسەرەکەی لای کوڕە دارینەو باوکیەتی کە یارمەتی دان و رزگار کردنیانە لە ژێر دەستی پیاوە فێڵبازەکە).

دەرهێنەر وەک راهێنراوێکی پێداگۆجی کاری لەسەر دەروون و چێژی منداڵ کردووە تا زۆر لە دیالۆگ و بابەتەکە بێزار نەبن , لە رێگەی بەکارهێنانی چەندین گۆرانی و میوزیک و هۆنراوەی پەروەردەی بە سوود کە بۆ خزمەتی بیرۆکە سەرەکی کارەکە گونجاوە بەکارهاتووە بۆ پشودانێک بومێشکی منداڵ و چێژ وەرگرتن لە ئاواز و میوزیک و جووڵە .وەک:

بۆ مەکتەب دەچم . ڕەوان بێ زمان, زەینم واڵا بێ بیرم پاک و جوان .

نامەوێ ژینی تەختەی بێ گیان مێشکی بۆش و پوچ کردەوەی حەیوان

من لە مەکتەب فێر دەبم ژیان و ڕەوشتی جوان

بەکارهێنانی هۆنراوەو گۆرانی پەروەردەی زۆر گونجاوە بۆ شانۆی منداڵ کە وا دەکات لە بیرو هزری منداڵ بمێنێتەوە . دەرهێنەر بە وردی کاری لەسەر هاورێیەتی و هاوکاری و یارمەتی دانی یەکتر کردۆتەوە,وەک لە هۆنراوەکە هاتوە : (بۆ مەکتەب دەچم ڕەوان بێ زمان) کەواتە ئەمە خۆشەویست کردنی قوتابخانەیە لای منداڵ وە( زەینم واڵا بێ بیرم پاک و جوان ) کەواتە دەرخستن و نیشاندانی لایەنە باش و سوودەکانی فێرگە بۆ منداڵان تا هاندەری منداڵ بن بۆ چوونە بەر خوێندن , وە توانای جیاکردنەوەی باشە, وخراپیەکان بکات.

وە , کاتێک لە نمایشەکە پیاوە فێڵبازەکە منداڵەکان دەخەڵەتێنێت پێیان دەڵێت:

پیاوفێڵبازەکە : وەرن منداڵان بۆ باخچەی یاری نە خوێندنەوە نە دەرس هەڵتریزێنن بۆ یاری .

منداڵان هەموویان : هێی دێین هەمووماں دێین .

لێرەدا دەرهێنەر بە بەکارهێنانی تەکنیک و ڕووناکی و هەروەها نواندن و جووڵەی سەیر , کەسایەتی( پیاوە فێڵبازەکە ) بە شێوەیەکی نامۆ نیشانی بینەران دەدات ,کە بتوانن کەسی فێڵباز لە رێگەی هەڵس و کەوتوو جوڵەکانیان بناسنەوە. ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ بەهێز کردنی خەیاڵی منداڵ. لە دیالۆگێکی تر پیاوە فێڵبازەکە بە یەکێک لە منداڵەکان دەڵێت:

پیاوی فێڵباز : پێم بڵێ کوڕی بچووک کە پێشکەشت کەم دیاری نایەیی بۆ باخچەی یاری ؟

منداڵی کوڕ : با با چۆن نایەین دیاری وەردەگرین

منداڵان داوا لە پیاوە فێڵبازەکە دەکەن بیان بات بۆ باخچەی یاری بەڵام پیاوەکە ڕووی ڕاستەقینە دەردەخات و دەڵێت:

پیاوی فێڵباز: کورە باخچەی یاری چی ؟ دەتانبەم بۆ ئیش و هەندێکیشتان دەفرۆشم

منداڵەکان هەموو :( دەست بە گریان دەکەن ) هەڵخەڵەتێنراوین

لێرەدا ,دەرهێنەر مەبەستی گەیاندنی ئەو پەیامەیە کە منداڵ بە قسەی خۆش و دیاری لە لایەن کەسی نە ناسراو هەڵنەخەڵەتێنرێت ,لە تەواوی نمایشەکە منداڵ چاوەرێ ئەوەیە بزانێت کامە باشترینە نەچوون بۆ فێرگە و یاری کردن لە کۆڵان ؟

دەرهێنەر زیاتر لە جارێک لەو نمایشە فێڵبازی و کەسایەتیە خراپەکان نیشانی منداڵ دەدات تا بتوانێ ئاشنا بێت بە هەڵس و کەوت و ڕەفتارە ناسینەوەیان ,لەلایەکی تر هەڵخەڵەتاندنی کورە دارینە لە لایەن رێوی و پشیلە وە کات کاتێک دەزانن پارەی پێیە

پشیلە: تۆ باوکت تەورەکەی بۆ فرۆشتی تا بچیتە بەر خوێندن بۆیە دەبێت چاکەی باوکت بدەیتەوەو پارەکەی بۆ زیاد بکەیت تا تەورێکی باشتری بۆ بکری

کوڕە دارینە : باشە من چۆن ئەو پارەیە زیاد بکەم ؟

ڕێوی: من بیرۆکەیەکم هەیە دەتوانم لەوە یارمەتیت بدەم

پشیلە : بەڵێ بەڵێ ئێمە یارمەتیت دەدەین

کورە دارینە : من زۆر سوپاستان دەکەم بەڕاستی دڵسۆزی منن بەڵام چۆن بۆم دەکەن ؟

ڕێوی: پارەکەت بدە بە من لێرە دەیچێنم جا گەورە دەبێت دەبێت بە دار پارە دەگرێت . پارەکی لە کورە دارینە دەستێن و دەیخەوێنن و رادەکەن

نیشاندانی ئەو دوو ئاژەڵە لای منداڵان بە هەڵس و کەوت و ڕەفتارەکانیان وێنانایان لە خەیاڵی منداڵ دروست کردوەو دەزانن ئەو دووکەسایەتیە فێڵبازن بە تایبەت رێوی

دەرهێنەر و نووسەریش لە ڕێگەی ئەو دەق و نمایشە وە ئە و نیشانی  منداڵ دەدەن ,کە بەردەوام باشە بەسەر خراپە زاڵ دەبێت. بۆیە منداڵ هاندەدات بۆ ئەنجام دانی کاری باشە وەلەگەڵ ئەوانیش کەسە خراپەکان بەردەوام کۆتاییەکی خراپ چاوەڕێیانە نموونەش ڕێویەکە ,پشیلەکە, پیاوە فێڵبازەکە, کە لە کۆتایی گەیشتنە سزای کارە خراپەکانیان . نمایشەکە بە بەکارهێنانی پێک هاتەو ڕووناکی و جل و بەرگ و چەندین گۆرانی و بەرجەستەکردنی فەزایەکی منداڵانە هەموو لایەنە باشەکان زاڵ بووو بەسەر خراپەکان کۆتایی هات .

**گفتوگۆ و ئەنجامەکان :**

لە ئەنجامی شیکردنەوەی نمونەیی شانۆی( کورە دارینە ) بە شێوەیەکی هەرەمەکی توێژەر هەلبژارد و چیرۆکی نمایشەکە و شکردنەوەی بۆ ئەنجامدا لە ڕێگەی ئە م خاڵانە :

1. **دەرهێنان** لە شانۆی (کورە دارینە ) لە  لایەن دەرهێنەری نمایش زۆر بە وردی کاری لەسەر کرابوو کە لە بەدوا یەک هاتنی زنجیرە ڕووداوەکانی شانۆکە و بەستنەوەی دیمەنەکان بە یەکتری و دروست کردنی پەیوەندی نێوان ئەکتەرەکان و پێکهاتە و جووڵە و نواندنی ئەکتەرەکان لە شوێنی مەبەست بە یارمەتی سینۆگرافیا و دیکۆر وەک لە وێنەی (2) دیارە , پرۆسەی دەرهێنان تێکهەڵکیش هەبوو لە نواندن و کارکردن لەسەر کوتلە و وەستانی ئەکتەر و یەکگرتن و چنینکاری بونیاتی ڕووداوەکان لە دیمەنەکان بە باشی دەبینرا .
2. **نواندن** لە  نمایشی شانۆیی کورە دارینە لەلایەن ئەکتەرەکانەوە زۆر بە جوانی دەبینرا جولّە و جەستە و دەنگی ئەکتەر روون و ئاشکرابوو لە لای بینەر لە شانۆییە,  ئەکتەری گەورە و بچووک تێیدا بەشدار بوون  بە پیی باری دەروونی کۆمەڵایەتی سروشتی ئەکتەرەکە رۆڵیان دەگێرا .وەک لە وێنەی (1) دیارە جووڵە و ئاماژەی ئەکتەر بە جەستە و روخسار .
3. **سینۆگرافیا** بە شێوەیەکی گشتی لە شانۆی کورە دارینە سەرنجی بینەرانی رادەکێشا بە دروستکردنی دیکۆری دوو قات بەرزایی وەک لە وێنەی (3) دیارە  هەروەها بەکارهێنانی ئەو بەرزاییانە بۆ باڵندەکان کە وەک ئەکتەر لە نمایشەکە بوونی هەبوو هەروەها کارکردن لەسەر دارستان و رەنگ و وێنە و خوڵقاندنی فەزاییەکی تەواو واقعی کە منداڵ خەیاڵی بۆ چوونە ناو چیرۆکی شانۆکە بە ئاسانی رابکێشرێت .
4. **ئامانجە پێداگۆجییەکان**  گرنگترین ئامانج لە نمایش لایەنە پێداگۆجییەکەیە بۆیە دۆزینەوەی ئاماژەی پێداگۆجی لە نمایشی کورە دارینە لەمانە بەدیدەکران ( خۆشەویست کردنی فێرگە لای منداڵان , یامەتی دانی یەکتر , ڕێزگرتنی کەسانی بە تەمەن , پاراستی کلتور  , پاک ڕاگرتنی ژیننگە و چەندان ئاماژەی پێداگۆج تر کە لایەنی باشە و ئاکار و رەوشتی بەرز فێری منداڵان دەکات . سەیری وێنەی ژمارە (4) بکە کەسایەتیەکە گەروە ئامۆژگاری منداڵەکە دەکات وە کەسێکە دڵپاکدەردەکەوێت .

**5- ئەنجام وڕاسپاردە و پێشنیازەکان**

**ئەنجام**

1- شانۆی منداڵان  فاکتەرێکی گرنگە بۆ هەڵگرتنی پەیامی خۆشی و شادی وچێژی هونەری . وە جوانناسی بە منداڵ دەبەخشێت ,هۆکارە بۆ گەشەکردنی بیرو هزری منداڵ وە گوزارشتکردن و دەربرینی هەستەکانی ناخی . لە پێناو بونیادنان و دروست کردنی نەوەیەکە تەندروست و رۆشنبیر ئەگەر هاتوو  میکانیزمی پێداگۆجی نوێ  بەکاربهێنرێت .

2 پێداگۆجی نوێ  وەک چارەسەری بنەرەتی و کرداری دەبێتە فاکتەری ئازادی  بیرو ڕا دەربرین

3 – پێداگۆجی نوێ دەتوانێ گۆرانکاریی بنەرەتی لە پەروەردە بکات و منداڵی داهێنەر دروست بکات

4 - شانۆی منداڵان بەهۆی ئەو دونیا فراوانەی هەیەتی توانای هەڵگرتن و گەیاندنی زۆر پەیامی هەیە بەتایبەت لایەنی پەروەردەی و فێرکاری  دەتوانێت ببێتە بەردی بناغەی پەروەردە ی نوێ.

5- بەکارهێنانی پرۆگرامی پێداگۆجی بە پرۆگرام کردنی شانۆی منداڵان تێدا دەبێتە دروستکردنی کەشێکی داهێنەرانە بۆ منداڵان .

6 - تەکنیک و سینۆگرافیا و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا یارمەتی دەرە سەرەکی دروست کردنی فەزاو پتەو کردنی خەیاڵە لای منداڵ کە ئەمانەش خاڵی سەرەکیین بۆ داهێنانی منداڵ. کە بنەماکانی پێداگۆجی ئامانج و کارێکی گونجاو داهێنەرانە دەدات بە دەستەوە .

7 پێداگۆجە نوێ گرنگی بە تەکنەلۆژیا دەدات وەک دۆزینەوەی میکانیزمی داهێنان و کارامەیی .

8 –لە پرۆگرامی پێداگۆجی لایەنی پراکتیکی دەبێتە سەلمێنەرە و پاڵپشتلی بۆ لایەنە تیۆرییەکە.

9 پێداگۆجی نوێ کەشێکی تەواو هاوسەنگ لە فەزایەکی پەروەردەیی چێژ بەخش کۆدەکاتە.

**ڕاسپاردەکان**

دوا بە دوای بەجێهێنانی ئەم توێژینەوەیە و شیکردنەوەی نموونەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەری و رۆشنبیری لە پێناو فراوانکردنی ئاستی زانیاری دەربارەی (شانۆی منداڵان و ئەرکە پێداگۆجییەکان ) توێژەر ڕاسپاردەی ئەم خاڵانە دەکات:

1- داڕشتنەوەی سەرجەم میتۆدەکانی خوێندن , دانانی میتۆدێکی یەکگرتوو کە پسپۆرانی پەروەردە , هونەر , دەروونناسی تێدا بەشدار بن بۆ قۆناغە جیاوازەکان بەپێی تەمەن .

2- کردنەوەی خول و وۆرک شۆپی بەردەوام بۆ مامۆستایان چونکە دەرچووانی هونەر یەک پسپۆرن یا نواندن یا میوزیک یا شێوەکار , بۆیە دەبێ یەکبخرێن و میتۆدێکی گشتی یەکگرتوو پێش کەش بکرێت .لە لایەن وەزارەتی پەروەردە .

3- گرنگیدان بە پرۆگرامی پێداگۆجی و ناساندن و بەکارهێنانی لە فێرگە و ناوەندەکانی خوێندن

**پێشنیارەکان**

توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکە پێشنیاری ئەم ناونیشانانە دەکات:

1- رۆڵی شانۆی منداڵان لە بونیادنانی پرۆگرامەکانی پێداگۆجی .
2- گرنگی پێداگۆجی لە پەروەردەو فێرکردنی هاوچەرخ
3- تەکنیکە هاوبەشەکانی شانۆی منداڵان و پرۆگرامی پێداگۆجی لە پەروەردەو فێربوون

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


1 - پیربال: فەرهاد( 2001) ,مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوریدا لە کۆنەوە تا 1957 , باشووری کوردستان , دەزگای چاپ و بلأوکراوەی ئاراس چاپی یەکەم.

2- تەنیا : حەسەن ، (1985)، شانۆ و شانۆی کوردەواری، مطبعة دار افاق عربية للصحافة والنشر بغداد..

3- سالار : ئەحمەد ، (1980)، هەندێ مەسەلەی شانۆیی، چاپخانەی الحوادث، چاپی یەکەم، بغداد.

4- دورانت : وليام جيمز الجمورسي، (2010)، مێژووی شانۆ، وەرگێرانی: چاپخانەی وەرگێرانی سلێمانی، چاپی یەکەم.سلێمانی

5- زانکۆیی سەلاحەددین –هەولێر کۆلیژی پەروەردە کۆلیژی زمان –

6- عزیز : ڕەنجدەر ئازاد ، (2012)، بنیاتی دەقی شانۆی منداڵانی کورد (1970 - 2005) کرمانجی خواروو , نامەی ماستەر ,

7- قادر : ڕەمەزان حەمەدەمین، (2020)، بنەماکانی پەروەردەی سەردەم ، ، چاپخانەی سایە، چاپی یەکەم.سلێمانی .

8- قەرەداغی: بورهان (2011),مێژوو- بيبلۆگرافيا- تیۆر- پراکتیک,چاپخانەی کاردۆ چاپی یەکەم, سلێمانی .

9- هەڵمەت: لەتیف ، (2013)، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەدەبی، یەکێتی نووسەرانی کورد، سلێمانی.


**سەرچاوە عەرەبییەکان:**


10- التجاني: اماني ، (2014)، المسرحية المدرسية في الادب الجزائري، رسالة ماجستير، جامعة قاصيدي مرباح، ورقلة , جزائر .

11- الجمورسي : الاسعد ، (19899، دور المسرح المدرسي في التكوين المسرحي: المثال التونسي، مجلة التربية والتعليم , تونس .

12- الحشوة: ماهر ، (2005)، التربية الديمقراطية: تعلم وتعليم الديمقراطية من خلال الحالات، مواطن المؤسسة الفلسطينية لدراسة الديمقراطية، فلسطين.

13- حماده : ابراهيم حماده (1971) , معجم المصطلحات الدرامية و المسرحية ط 1 دار الشعب , مصر .

14- سعيدي : عبدالله ، (2013)، تقدير درجة اهمية معرفة المحتوى البيداغوجي في مادة العلوم من وجهة نظر عينة من معلمي المادة بسلطنة عمان، جامعة السلطان قابوس، العلوم التربية.

15- العتيبي : عبدالله ، (2010)، اضواء على تاريخ المسرح الفرعوني، مجلة البيان الكويتية. , الكويت

16- العدوي : سهير ، (2008)، معرفة معلمي الرياضيات كيفية تعليم وحدة الجبر للصف الثامن الاساسي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بير زيت، فلسطين.

17- علوش :سعيد (1985) معجم المصطلحات الأدبية العاصرة ط1 دار الكتاب اللبناني , بيروت .

18- عيسى: فوزي ، (2008)، ادب الاطفال: الشعر، مسرح الطفل، القصة، الاناشيد، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية, مصر

19- المالكي : مالك نعمة غالي، (2010)، اهمية المسرح المدرسي ومسرح الطفل وتداخلهما لتحقيق اهداف تربوية وغيابهما في المدارس والمؤسسات التربوية، مجلة الدراسات التربوية، العدد11. الرصانه

20- محمد: محمد ، طالب، (1987)، ملامح المسرحية العربية الاسلامية، منشورات دار الافاق الجديدة. المغرب .

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان :**

1. Ball, D. L., Thames, M. H., & Phelps, G. (2008). Content knowledge for teaching: What makes it special? Journal of Teacher Education, Vol. ( 59 ), No.(5), pp 389–407.
2. Gauthier, I., James, T.W., Curby, K.M., Tarr, M.J. (2002). The influence of conceptual knowledge on visual discrimination. Cognitive Neuropsychological, 3/4/5/6: 507-523.
3. Hashweh, M. Z (1985). An exploratory Study of Teacher Knowledge and Teaching: the effects of Science teachers' Knowledge of their Subject matter and their Conceptions of Learning on their teaching. Unpublished doctoral dissertation, Stanford Graduate School of Educational, Stanford, CA.
4. Koehler, M. & Mishra, P. (2009). What is technological pedagogical content knowledge? Contemporary Issues in Technology and Teacher Education, Vol.( 9 ), No. (1), pp 60-70. AACE. Retrieved. Available at: http://www.editlib.org/p/29544.
5. Shulman, L. S. (1987). Knowledge and teaching: Foundation of The new reform, Harvard Educational Review. Vol. ( 57 ), No. (1), pp 1 – 21
6. Strauss, S. (2001). Folk Psychology, Folk Pedagogy and their relations to subject matter knowledge. In B. Troff and R.J. Sternberg (EDS).


**پاشکۆکان**

**نمایشی شانۆی (کورە دارینە )**



وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (2)



وێنەی ژمارە (4)

**The role of the new education in achieving the educational principles of children's theater**

**Zhyar Ismail Hawez**
Department of Theatre, College of Fine Arts, Salahaddin University-Erbil
Balqeesdosk@gmail.com

**Balqees Ali Dosk**
Salahaddin University-Erbil
Zhyarismail876@gmail.com

**Abstract**

The title of this research (The Role of New Education in Achieving the Educational Principles of Children's Theatre), which discusses the role of children's theater performances and educational programs, the history and etiquette of children's theater by programming theater for education. This research consists of an introduction, three parts, and research results. The first part of this research consists of the research problem, its objectives, the importance of the research and the scope of the research, as well as the definition of the terms new education, education, theater, children and children's theater).

The research examines the educational mechanisms and activities of the educational role of the child's theater in developing the different abilities of children.

1- Children's theater is an important factor in carrying the message of happiness and artistic pleasure. It gives the child aesthetics, causes the development of the child's mind and expresses his feelings. In order to build a healthy and smart generation if new educational mechanisms are used.

2. Children's theater can become an advocate for the preservation of national culture and customs.

3- Children's theater has the ability to carry and transmit many messages because of its wide world, especially the educational aspects that can become the cornerstone of the new education.

4- The use of educational programs by programming the children's theater will create a creative environment for children.

5. Technologies, scenography and technological progress help to create space and strengthen children's imagination, which are the main points of children's creativity. Which provides pedagogical principles of purpose and appropriate innovative work.

**Keywords**, new pedagogy, education, theater, children, children's theater.

**دور التربية الجديدة في تحقيق المبادئ التربوية لمسرح الأطفال**

**ژيار اسماعيل حويز**
قسم المسرح/ كلية فنون الجميلة / جامعة صلاح الدين-اربيل
Zhyarismail876@gmail.com

**بلقيس على دوسكى**
جامعة صلاح الدين-اربيل
Balqeesdosk@gmail.com

**ملخص**

عنوان هذا البحث (دور التربية الجديدة في تحقيق المبادئ التربوية لمسرح الطفل) الذي يناقش دور العروض المسرحية للأطفال والبرامج التربوية ، تاريخ وآداب مسرح الأطفال ببرمجة المسرح للتربية والتعليم. يتكون هذا البحث من مقدمة وثلاثة أجزاء ونتائج البحث. يتكون الجزء الأول من هذا البحث من مشكلة البحث وأهدافه وأهمية البحث ونطاق البحث وكذلك تم تعريف مصطلحات التربية الجديدة والتعليم والمسرح والأطفال ومسرح الأطفال).

يبحث البحث في الآليات التربوية وأنشطة الدور التربوي لمسرح الطفل في تنمية القدرات المختلفة للأطفال.

1- مسرح الطفل عامل مهم في حمل رسالة السعادة والمتعة الفنية. يعطي الطفل جماليات ، ويسبب نمو عقل الطفل ويعبر عن مشاعره. من أجل بناء جيل صحي وذكي إذا تم استخدام آليات تربوية جديدة.

2. يمكن لمسرح الأطفال أن يصبح مدافعا عن الحفاظ على الثقافة والعادات الوطنية.

3- مسرح الطفل لديه القدرة على حمل ونقل العديد من الرسائل بسبب عالمه الواسع وخاصة الجوانب التربوية يمكن أن تصبح حجر الزاوية في التعليم الجديد.

4- استخدام البرامج التربوية عن طريق برمجة مسرح الأطفال سيخلق بيئة إبداعية للأطفال.

5. تساعد التقنيات والسينوغرافيا والتقدم التكنولوجي على خلق مساحة وتقوية خيال الأطفال ، وهي النقاط الرئيسية لإبداع الأطفال. الذي يوفر المبادئ التربوية للهدف والعمل المبتكر المناسب.

**الكلمات المفتاحية:** أصول التدريس الجديدة ، التربية ، المسرح ، الأطفال ، مسرح الأطفال